گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپـەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(1).Paper1
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 20-04-2023
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 21-06-2023
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 28-02-2025

# میکانیزمی وەرگرتن لەهونەری شێوەکاری هاوچەرخی کوردیدا

(پرۆژەی هونەریی پەڕینەوە) وەک نمونە

**ڤینۆس ئیسماعیل بەکر[1]– هەیفا ئەحمەد محمد[2] - سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی[3]**

venus.baker@su.edu.krd - hayfa.mohammed@su.edu.krd- sangar.shekhmohammad@su.edu.krd

[1+2]بەشی شێوەکاری، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[3]بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوە ناساندنی میکانیزمی وەرگرتن لەهونەری شێوەکاری هاوچەرخی کوردیدا (پرۆژەی هونەری پەڕینەوە) بە نمونە، کە لە دو بەشی سەرەکی پێکهاتوە، بەشی یەکەم لە کێشەی توێژینەوە و گرنگی و ئامانج و سنوری توێژینەوە پێناسەی دەستەواژەکان، پرسیاری کێشەی توێژینەوە کە ئایا چۆن دەتوانرێت چەمکەکانی تیۆری وەرگرتن لە بواری هونەری شێوەکاری کوردیدا بەکاربهێنرێت بە تایبەتی لە کارە هونەرییەکانی (پرۆژەی هونەری پەڕینەوە)دا؟ هەروەها بەشی دوەم باس لە چەمکی تیۆری وەرگرتن و گەشەکردن و سەرهەڵدانی، لەدوایدا پێشەنگانی تیۆری وەرگرتن وەکو - هانس رۆبەرت یاوس و وۆڵف گانگ ئایزەر، هەروەها وەرگر لە لایەن هەردوکیان، لەدوایدا وەرگر لەنێو هونەری شێوەکاری و پاشان کورتەیەک لە بارەی هونەری شێوەکاری کوردیدا، بە تایبەتی (پرۆژەی هونەریی پەڕینەوە) بۆ بەشێک لە هونەرمەندانی کورد. بۆ شیکردنەوەی نمونەکان میتۆدی وەسفیی شیکاری بەکارهێنراوە، لە ئەنجامدا میکانیزمی وەرگرتن لە خوێندنەوە و شیکردنەوەی دەقی بینراودا دەگۆڕێت، هەروەهاجەسارەت بە یەکێک لە میکانیزمە گرنگەکانی دەقە بینراوەکانە کە وەرگر بە هەمو ئاستەکانی جۆراوجۆردا وەریدەگرێت، حاڵەتی بەریەککەوتن و سەرنجڕاکێشان لە سەروی ئاسۆی چاوەڕوانی وەرگرە. پێدانی هۆشیارییەکی ڕاستەقینە بە وەرگر بە پشتبەستن بە میکانیزمی تیۆری وەرگرتنی تێکستە بینراوەکان، میکانیزمی وەرگرتن بەپێی باری دەرونی وکات و سات پێیدەگات. لەڕوی جوانیناسییەوە بەپێی تێگەیشتن و لێکدانەوەی وەرگر لە ڕوی بینینەوە بەدیدەهێنرێت.

**کلیلە وشە:** میکانیزم، وەرگرتن، هاوچەرخ، پەڕینەوە

## 1- پێشەکی:

1-1- **گرفتی توێژینەوە:** تیۆری وەرگرتن کۆمەڵێک چەمکی نوێ و ئاڵۆزی هەیە لە ئەدەب، کە بە گرنگترین و فراوانترین پێشنیازەکانی بیری ڕەخنەیی سەدەی بیستەم دادەنرێت، کە پەیوەندی لە نێوان دەق و داهێنەر دروست دەکات، بۆیە پەیوەندی نێوان کاری هونەری و وەرگر چەند ڕەهەندێکی نوێی گرتەبەر، بەتایبەتی کاتێک چەمکە ناسراوەکانی گۆڕیوە سەبارەت بەڕۆڵی وەرگر و بەشداریکردنی لەپرۆسەی هونەریدا، یەکێک لەهۆکارەکانی ئەم گۆڕانکارییە سەرهەڵدانی شێواز و شێوەی هونەری نوێیە کە جەختی لەم پەیوەندییە گرنگە کرد و ڕۆڵی وەرگری تێدا چالاک کرد. بێگومان ئەم پەیوەندییە لە بواری هونەری شێوەکاریدا لە نێوان دو لایەندا: لایەنی یەکەم ئەو هونەرمەندەیە کە داهێنان لە دەقە بینراوەکاندا دەکات، لایەنی دوەمیش ئەو وەرگریە کە سەیری دەکات و هەوڵدەدات چێژی لێ وەربگرێت بیخوێنێتەوە، بە پشت بەستن بە سەرچاوەکان و لایەنی ڕۆشنبیری و مێژوی، دەرونی، بۆیە ئەم توێژینەوە سودوەرگرتنە لەو چەمکانەی کە تیۆری وەرگرتن دایمەزراندون، بە تایبەت لەگەڵ سەرئامەدەکانی هانس ڕۆبەرت یاوس و وۆڵف گانگ ئایزەر، بەم شێوەیە خوێندنەوە دەبێتە کرداری گەڕان بەدوای ڕەهەندە نادیارەکانی (دەقە) بینراوەکان لە چوارچێوەی (پرۆژەی هونەری پەڕینەوە)، بەهەمو نمایشە جیاوازەکانەوە وەک ڤیدیۆئارت، ئەنستەلەیشن، یان دیجەتەڵ ئارت، بۆیە بینەری خوێنەر یەک لە دوای یەک وەریدەگرت بۆ گەیشتن بە جەوهەری (دەقە) بینراوەکان لەبەر ڕۆشنایی ئەم تیۆرییە، بۆیە کێشەی ئەم توێژینەوە ئەم پرسیارە لە خۆدەگرێت:

- چۆن دەتوانرێت چەمکەکانی تیۆری وەرگرتن لە بواری هونەری شێوەکاری کوردیدا بەکاربهێنرێت بە تایبەتی لە کارە هونەریەکانی (پرۆژەی هونەری پەڕینەوە)دا؟

2-1- **گرنگیی توێژینەوە:** گرنگیی ئەم توێژینەوە تەوزیفکردنی تیۆری وەرگرتنە وەکو میکانزمێک لە دەقە بینراوەکان، ئەمەش وەک پەیوەندیەک لە نێوان تیۆری وەرگرتن و هونەری شێوەکاریدا بەدیارخستنی ڕۆڵی وەرگرە، هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ئەم کارلێکە جەوهەرەی لە نێوان (دەق) و خوێنەر هەیە، لەهەمان کاتدا نەبونی لێکۆڵینەوە بە زمانی کوردی لەڕوانگەی ئەم تێۆرییەدا لە بواری هونەری شێوەکاری زەمینەیەک خۆش دەکات بۆ ڕەخنەگرانی کورد بۆ شیکردنەوەی بەرهەمە هونەرییەکان.

1-3- **ئامانجی توێژینەوە:** ناساندنی میکانیزمی تیۆری وەرگرتن لە هونەری شێوەکاری کوردی (پرۆژەی هونەریی پەڕینەوە) وەکو نمونە.

1-4 **سنوری توێژینەوە:** لەڕوی بابەتیەوە سنوری توێژینەوەکە کارکردنە لە بارەی (پرۆژەی هونەریی پەڕینەوە) لە ساڵی 2020، لە هەولێر پیشاندراوە.

### 1-5-چەمکەکانی توێژینەوە:

**یەکەم: میکانیزم**

**لە ڕوی دەستەواژەوە:**

پرۆسەیەکە یان کردارێکە بۆ لێکۆڵینەوەکان بەکاردێت بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری و شیکردنەوە وچۆنیەتی بەڕێوەبردنی پرۆسەکە لە ڕێگای کۆمەڵێک هەنگاو و ئامراز کە بەکاردێت بۆ گەیشتن بە ئامانجی لێکۆڵینەوە دیاریکراوەکە. (Bryman, A. 2016, 72)

**لەڕوی ڕێكاری:**

**میكانیزمی وەرگر:** چەمكێكە بەكاردێت بۆ ئاماژەكردن بە كرداری جێبەجێكردن لە پرۆسەی وەرگرتن لە نێوان دەق بینراو و خوێنەر، لەسەر بنەمای چەند چەمكێكی تیۆری وەرگرتندا.

**دوەم: وەرگرتن:**

**لە ڕوی دەستەواژەوە**

وەرگرتن لە زاراوەی مۆدێرندا واتە وەرگرتنی دەق ئەدەبی لەلایەن خوێنەر، بۆپێشكینین بە مەبەستی تێگەیشتن و شیكردنەوە لەبەر ڕۆشنایی مەرجەعە كلتوریی و میراتیی و مۆدرێنە، و بۆچونە بەدەستهاتوە تایبەتەكان جیا لە لەدانەری دەقەكە.(الجعافرە 2010، 797). هەرچی یاوسە ئەوا" بە چەمكێكی دو مانایی دەبینێت، كە پێشوازی و خاوەنداریەتی و گۆڕینەوەیان لەگەڵ یەكتریدایە، وەرگرتن مەیلێكی مەعریفی ئامادەكراوە بۆ وەرگر. (یاوس2016، 101). لای (باڤین) وەك هەڵوێستێكی پەیوەندی چاوە كە دەبێت شیكردنەوەی كرداری جوانیناسی و جیاوازی كۆمەڵایەتی لەخۆبگرێت بۆ كرداری گەیاندن و ئاماژەكان، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێشبینیە جیاوازانە لە نمونە فیكریەكانی وەرگر (الانصاري 1997، 8).

**لە ڕوی ڕێكارییەوە:**

چالاكییەكی خودیە بەرامبەر دەق بینراودا بە شێوەیەكی دیالێكتیكی و لە ئاستی مەعریفیكدا مشتومڕی لەسەر دەكرێت، لەسەر بنەمای كۆمەڵێك پەیوەندی گەیاندن بە مەبەست لە نێوان پێكهاتە دەق بینراو و خوێنەر، لە ڕێگەی بۆشاییە دەقییەكان پڕ دەكرێنەوە، ماناكانیان لێكدەدرێنەوە وبنیات دەنرێتەوە.

**سێیەم: هاوچەرخ:**

**لەڕوی دەستەواژەوە:**

هاوچەرخ (هاوچەرخ هاوچاخ).(موكریانی2005، 388). هاوچەرخ: ژیان لەگەڵ بارودۆخی ئێستا. (بهنسي 1979، 181). بەڵام لە لای (عناد غزوان)، (نوێترین سەردەمی هونەری)، (غزوان1986، 212). لەكاتێكدا (مؤيد سەعيد) لەوبارەیەوە وتی (هۆشیاری هەنگاوەكانی یەك لەدوای یەكە كەڕابردو بە داهاتو دەبەستێتەوە، لە ڕێگەی ئەو ساتە یەك لە دوای یەك زیادكراوەكانەوە كە ئێمە پێی دەڵێین ئێستا، لەوانەیە هەنگاوە هاوچەرخەكان بۆ بزوتنەوەی كۆمەڵایەتی بن لە ڕێگەی سات)،(سعيد 1983، 12).

**لەڕوی ڕێكارییە:**

هاوچەرخ پرۆسەیەكە بەردەوام بونی هەیە لەگەڵ بەرهەمهێنانی كاری هونەری و پەرەسەندنی تەكنیك وشێوازی و بیرۆكەكان بەستراوەتەوە بە كاتێكی دیاریكراودا.

## 2- چوارچێوەی توێژینەوە:

### 2-1- چەمکی تیۆری وەرگرتن:

وەرگر بە گۆشەیەکی سەرەکی پرۆسەی داهێنان دادەنرێت، هەروەک ئامانج و مەبەستی ئەم کردارە پێکدەهێنێت، هەروەها هەندێک جار هەڵسەنگاندنی بەرهەمی داهێنەرانە جا چ سەرکەوتو بێت یان بە پێچەوانەوە، لە لایەن وەرگر دەبێت، حوکمەکەی لەسەر پرۆسەی داهێنانەکە ئەرێنی بێت یان نەرێنی تەواوکەری بەرهەمی داهێنانە، چونکە "چەمکێکەنوێنەرایەتی گۆشەیەکی پێچەوانە دەکات لەگەڵ ڕەوتی ئەو بزوتنەوە ڕەخنەیانەی کە شۆڕشیان دژی زمانی دەق و داتا دەربڕینەکان ڕاگەیاندبو، بەمەش جێگەی زمانی ئەفسانەی گرتەوە بەو مانایەیە کە ئەم تیۆریە نوێیە بزوتنەوەی ڕاستکردنەوەی گۆشەکانی لادانە لە بیری ڕەخنەیی بە مەبەستی گەڕانەوەی بەهای دەق و گرنگی خوێنەر دوای ئەوەی پردە درێژەکانی نێوانیان ڕوخێنراوە لە ڕێگەی سیمبۆلیزم و مارکسیزمەوە". (عبدالواحد1996،17). تیۆری وەرگرتن بزوتنەوەیەک بو گۆڕانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی ڕاستکردەوە، بەم جۆرە توانی دەق و خوێنەر بە یەکسانی کۆبکاتەوە دوای ئەوەی مارکسیزم و سیمبۆلیزم لەیەکتریان جیاکردنەوە. لە دوایدا پێشەنگانی چەمکی وەرگرتن لەم تیۆرەدا چەختیان لە دو تەوەر کردوە، یەکەمیان ڕێکخستن: خوێنەر و دەقیش بۆ خوێنەر، گرنگترین تەوەرە و پیشەنگە لە کرداری وەرگرتن، چونکە ڕێگای بۆ خوێنەر کردەوە بە پێدانی ڕۆڵێکی گرنگ لە کرداری داهێنان لە دوای دەقدا، ئەمە لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە، خاوەنی دەق شاعیر یان نوسەر تیۆرەکە لە پرۆسەی وەرگرتن پشتگوێیخستوە، بەو مانایەی کە لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی دەرونی و مێژویی ئەو شتێکی پێویست نییە، بۆ ئەوەی وەرگر پشتی پێببەستێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەق، تیۆرەکە بە گشتی ئاماژەیە بۆ گۆڕانکاریەکی گرنگ لە کرداری وەرگرتن لە خاوەنی بەرهەمەکەوە بۆ دەق و خوێنەر.

بێگومان ئەگەر تیۆری وەرگرتن جەختی لەسەر دەق و خوێنەر کردبێتەوە، بەم شێوەیە نکوڵی لە ڕۆڵی نوسەر دەکرێت بە پاساوی هیچکام لە جیاوازیەکانی بارودۆخ گرنگ نین تا لە کرداری وەرگرتندا پشتیان پێببەسترێ، بەڵکو جەخت لەسەر پەیوەندی دەقەکە بە وەرگرەوە دەکات بە دەر لە نوسەر" کە کاردەکاتە سەر کرداری وەرگرتن بۆ ئەوەی ڕوبدات لە چوارچێوەی نوسەر و دەق و وەرگر کە هەریەکەیان ڕۆڵێکی کارایان هەیە بۆ گەیشتن بە چێژی دەرونی خوێنەر، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی چەندین قوتابخانەی فیکری جیاوازهۆکار بون بۆ سەرهەڵدانی تیۆری وەرگرتن لە گۆڕەپانی ڕەخنەدا ولەگەڵ خۆی ڕۆڵێکی گرنگی دا بە وەرگر و لە هەمان کاتدا ڕۆڵی نوسەری پشتگوێخست".(عبدالواحد1996، 79).

تیۆری وەرگرتن بە یەکێک لە تیۆرییە ڕەخنەیە مرۆییەکان دادەنرێت (دوای بونیاتگەرایی)، کە بەها و شکۆ درەوشانەوەی بۆ خوێنەر گەڕاندەوە و دوای ئەوەی ڕۆڵی کەم بوەوە لە زۆربەی ڕێبازە ڕەخنەییەکان وەک سیاق ونسقی، هەروەها لە دوای ئەوەی بونیاتگەراییەکان بانگەشەی مردنی نوسەر و پاشخانەکەیان دەکرد، و گرنگیان تەنها بە دەق دەدا، "تیۆری وەرگرتن وەک کاردانەوەیەکی سروشتی هەوڵی بەرزکردنەوەی خوێنەر و وەڵامەکەی و هەستی پێشوازی و تێپەڕاندنی بۆ ئاسۆی چاوەڕوانی دەدا لەگەڵ بینینی پێشبینینەکانی و چاوەڕوانی ئامانج و مەبەستەکەی". (البكر:2020) جگە لەوەی ئەم تیۆرە وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر تیۆرییەکانی پێشو هات و هەڵوێستێکی نوێ هاتە ئاراوە ئەمیش گرنگیدان و پشت بەستن بە وەرگر و کردنی بە بنەمایەک لە کرداری داهێنان، بەبێ ئەوەی لەبیری بکەیت یان پشتگوێی بخەیت دو لایەنەکەی تر نوسەر و بابەتن، دامەزرێنەرانی ئەم تیۆرییە نوێیە(تیۆری وەرگرتن)، هەندێکیان

ناودەنین (تیۆری پێشـــوازی) کە لە تیۆرە مۆدرێنە هاوچەرخەکان دادەنرێت، دوای ئەوەی بونی خوێنەری لە گۆڕەپانی ڕەخنەییدا گەڕاندەوە، پاش ئەوەی بنیاتگەراپی ڕۆڵی نوســـەر و خوێنەری ڕەتکردەوە و زۆربەی ســـەرنجەکانی لەســـەر بابەتەکە چڕکردەوە.

لێرەدا دەتوانین بڵێین تیۆری وەرگرتن بایەخی بە وەرگردا لە بەرانبەر دروخســـتنەوەی میتۆدە ڕەخنەیەکان، بەڵکو ڕێخۆشـــکەر بو بەرِوی کراوەیی فرەیی ڕێبازە ڕەخنەگرانەکانەوە، کاتێک خوێنەر ڕۆڵی خۆی وەرگرت بۆ دەق کێش و قورســـایی خۆی دامەزراند، چونکە بە تەنیا خوێنەر دەتوانێت دەقەکە بەکاربێنێت، کاتێک ڕەخنەی لێبگرێت، یان ســـەرســـام بێت، ڕەتیبکاتەوە، وەریگرێت، لێکدانەوەی بۆ بکات، هەمو ئەمانە بە تەنیا لە دەســـتی ئەودایە. توێژەر و شـــاعیرعیزەدین ئەلبەنا دەڵێت" تیۆری وەرگرتن لقێکە لە لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبیی مۆدێرنیزم کە بایەخی بە بارودۆخی پێشـــوازیکردنی بەرهەمە ئەدەبییەکان لەلایەن خوێنەرانەوە دەدات لە جێگەی ئەوەی جەخت لەســـەر کردارەکانی بەرهەمهێنانی دەقەکان یان لێکۆڵینەوەیان بکات".(بوســـعد 2019، 35) ئەم تیۆرییە بە ڕوانگەیەکی نوێی بۆ دەق ئەدەبی هاتە گۆڕەپانی ڕەخنەییەوە، هەروەها ئاگاداری ئامادە نەبونی خوێنەری وەرگربو لە میتۆدەکانی پێشـودا و نەبونی لە کرداری داهێنان، بۆیە شوێنکی تایبەتی پێبەخشی.

بە مـانـایەکی تر ئەم تیۆرە ''تیۆرێکی ڕەخنەییە کە مـامەڵە لەگەڵ ئـاڵوگۆڕکردنی دەقە ئەدەبییەکـان و قبوڵکردنی وبەرهەمهێنانەوەی واتاکانی دەکات، لەو ناوەندە ڕۆشـــنبیرییەی کە تێیدا دەردەکەوێت، ئەمەش ئەوەیە کە دەتوانرێت ناوی لێ بنرێت (وەرگرتنی دەرەکی)، یان لەناوکاری هونەری خەیاڵی خودی دەقە ئەدەبییەکاندایە دەتوانرێت ناوی لێ بنرێـت (وەرگـرتـنی نـاوخـۆیی)، مەگەر ئەم تـیـۆرییە پێگەی ڕاســـتەقینەی خـۆی وەک خـۆی چـالاکـیی فـیکـری وەربگرێت".(وهـاب2016، 18)، چونکە ئـامـانجی یەکەم و دوایی تیۆری وەرگرتن دەقی ئەدەبییە، وەک چۆن دوبارە ماناکانی بەرهەمدەهێنێتەوە، و تێگەیشـــتنەکانی بۆ وەرگر دابەشـــکراوە بەســـەر دو ئەرکدا: یەکەمیان وەرگرتنی دەرەکی ئەوەیە کە لەناوکاری هونەری خەیاڵی خودی دەقە داهێنەرانەی ئەدەبییەکاندا دەدۆزرێتەوە، بە واتەیەکی تر" تیۆرێکە بـایەخی بە چۆنیەتی وەرگرتنی دەقی ئەدەبی دەدات کە چۆن لە ســـاتێکی مێژویی دیـاریکراودا وەرگیراوە، هەر بۆیەش دەیدۆزینەوە لەسەر بنەمای لێکدانەوەکانی وەرگرەکان سەبارەت بەو دەقە، یان سەبارەت بە ئەدەب بە گشتی و لەسەر حوکمـدانیـان و کاردانەوە دیـارەکان لە ڕوی مێژوییەوە بە هۆکارێکی یەکلاکەرەوە دادەنرێـت لە دیـاریکردنی چۆنیەتی وەرگرتن لەم سـاتەدا و ئاراسـتەکەی، ئەمەش پشـتبەسـتنی بە میتۆدە مێژویی وکۆمەڵناسـیەکان دەردەخات". (وهاب 2016، 24). تیۆری وەرگرتن چالاکیەکی فیکرییە وەرگر پراکتیزەی دەکات لەســـەر بەرهەمی ئەدەبی لە کاتی وەرگرتنیدا، پایەی سـەرەکیە لەم تیۆرییە لە دوای نوسـەر و بابەت و هەروەها پشـتبەسـتنی بە مێژو و سـاتەوەختەی کە بەرهەمی ئەدەبی تێیدا وەرگیراوە.

### 2-2- تیۆری وەرگرتن گەشەکردن و سەرهەڵدانی:

بێگومان ڕەخنەی ئەدەبی لە ڕۆژئاوا لە ڕوی گەشـەکردنەوە بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، لە سـەرەتادا گرنگیدان بە کەسایەتیی نوسەر و ژینگە جوگرافییەکەی و باری دەرونی و هەمو ئەو هەلومەرجە زەمینەی کە دەوریان داوە، و پاشان گواسـتنەوە بۆ بایەخدان بە نوسـەر بۆ بابەت وەک پێکهاتەیەکی داخراو، تا وەرگر وەک پایەیەک لە پایەکانی پرۆسـەی داهێنان و جەمســـەرێکی بەژداربێت. ئەمە لە لایەک و لە لایەکی ترلە ســـەردەمەکانی ڕابردودا کۆمەڵێک ڕێباز گۆڕەپانیان

داگیر کردبو، کە گوایە بانگەشەی کاریگەری ئەدەبی زیاتر دەبەخشێت لە گەڕان بەدوای ئاشکراکردنی لایەنە شاراوەکانی جوانیی دەق.

هەندێک لە تیۆریەکان گرنگیان بەلایەنی سیاقی دەقداوە بەڵام هەندێکی تربە پێچەوانەوە گرنگیان بە نەسقی ناوەخۆی دەقداوە، تاکو سەرهەڵدانی ئەو ڕێبازانەی کە وگونجاندنیان لەنێوان سیاق و نەسق دروستکرد، واتە گرنگی بە نوسەر و دەق و وەرگر وەکو یەک دەدا. "پێشەنگەکانی تیۆری وەرگرتن خوێنەریان وەک ڕەگەزێکی چالاک سەیر دەکرد کە دور لە ئیمپرێشنیزم و هەڵومەرجە مێژوییەکان جوانیناسی دەق ئاشکرا دەکا". (محي الدين 2016، 35). بەڵام دوایی یەکەم دەرکەوتنی تیۆری وەرگرتن وەک میتۆدێکی سەربەخۆ کە دەگەڕێتەوە بۆ شەستەکانی سەدەی ڕابردو، لە زانکۆی ئەڵمانی لە کۆنستانس، لە ساڵی(1966)، "جوانیناسی وەرگرتن بە قوتابخانەی کۆنستانس دەناسرێت، بەردەوام لەسەر پەرەسەندن ڕەگەزی چالاک بەکاردەهێنێت لە نێوان بەرهەمهێنان و وەرگرتن".(بوسعد 2019، 63).

لەسەرتادا ئەم تیۆرە بە فینۆمینۆلۆژیا کاریگەر بو، کە ئەمیش بزوتنەوەیەکی فەلسەفییە و تیشک دەخاتە سەر مرۆڤ لە کرداری دیاریکردنی مانا، دوەم: فۆرمالیستەکانی ڕوسەکان چۆن گرنگییان بە دەق و جوانیناسییەکەی دەدا بەبێ ئەوەی بۆ نوسەرەکە دابپۆشن، هەروەها گرنگیان بە خوێنەران و سەرنج ڕاکێشانیان بۆ دەق دەدا، لێرەوە پەیوەندی فۆرمالیستە ڕوسەکان بە وەرگرەوە دەرکەوت. سێیەمیان: کۆمەڵناسی ئەدەبیاتە، گرنگیدانیان بە کۆمەڵگایە، لە ڕوانگەی ئەوان داهێنانە ئەدەبییەکان هیچ نین جگە لە لە ئەنجامی زەمینەی کۆمەڵگەی نوسەردا، کۆمەڵناسی ئەدەبی یارمەتی تیۆری وەرگرتنیدا بۆ بەستنەوە و تێگەیشتنی پەیوەندی لە نێوان وەرگر و کۆمەڵگا". (بوسعد 2019، 37).

یەکەم ئامانجەکانی تیۆری وەرگرتن تێگەیشتن و ئاسیمیلکردنە (استیعاب)لە دەق، خوێنەر پێوستی بە ئاسۆیەکی چاوەڕوانی نەرم و نیان و پابەند وهاوسەنگ بێت لەگەڵ بابەتی دەقەکە، بۆ ئەوەی وەرگر بە هەڵە تێنەگات لە نوسەر، چونکە دەق چەند بڵاو و بەرفراوان بو یەکسان نییە بەو شتەی کە خوێنەر لە ڕوی ئامانجەوە لێی دەرهێناوە، بۆیە خوێندنەوە فراوانترە لە نوسین. وەک چۆن خوێنەری وەرگر ڕازی نییە گوێڕایەڵی نوسەر بێت، پابەندبێت بەو شتەی کە دەنوسێت، بەڵکو لەوە زیاتر دەڕوات و دەقەکە لێکدەداتەوە بە شێوازی خۆی نەک بە شێوازی نوسەر، گریمانەکانی خودی خۆی بۆ زیاد دەکات، ئەمەیە کە ئایزەر بە تێڕوانینی بزاو (وجهة النظر المتجولة) ناوی دەبات. (المحجوبي 2014).

یەکێک لە ئامانجەکانی تیۆری وەرگرتن باسکردنی گواستنەوەی خوێنەر لە پێگەی دەستپێشخەرەوە بۆ پێگەی هاوبەشی قسەکەر کە بۆشاییەکانی ناوکاری ئەدەبی پڕدەکاتەوە، لێرەدا هەمان پایەی نوسەرە کە هەیەتی، و نوسەریش پابەندە بە جێهێشتنی ئەو بۆشایی و کەلێنانە هەمیشە تیۆری وەرگرتن ئامانجی بەشداریکردنی بەرفراوانی وەرگر بوە لە بەرهەمی ئەدەبیدا، چەختی لە سەر وەرگر کردۆتەوە لە ڕێگەی کارلێکردن لە نێوان ئامانجی دەق بەشداریکردنی و بەستنەوەی و لەگەڵیدا، هەروەها پەرەپێدانی جێژی جوانیناسی وەرگر لە ڕێگەی پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ دەقە هونەریەکان و ڕێخۆشکردنی بۆ ڕەخنەگران و توێژەران کە خۆیان لە ناو قوڵایی کاریگەریی ئەدەبی بدۆزنەوە، هەر بۆیە تیۆری وەرگرتن ئەو پێگەیەی بە خوێنەر بەخشی_ کە شایەنی خۆیەتی بۆی گەڕاندەوە، کە لە ساڵانی ڕابردودا پەراوێز کرابو. (المحجوبي 2014).

### 3-2- پێشەنگانی تیۆری وەرگرتن و هۆکاری کاریگەری

### یەکەم - هانس ڕۆبەرت یاوس:

هانس یەکێک بوە لە مامۆستاکانی زانکۆی کۆنستانسی- ئەڵمانی لە سالانی شەستەکاندا، و لێکۆڵەرێکی زمانەوانی ڕۆمانسییە، بە پەرۆشی نوێبونەوە، بەڵکو هەوڵیدا ئەدەبیاتی ئەڵمانی لە دوانەی مارکسیزم و فۆرمالیستەکانی ڕوس ڕزگار بکات، لە ڕوانگەی ئەوەوە خوێنەر دەق لە ژێر نەریتەکانی مارکس وەردەگرێت، بەم شێوەیەش لە جوانیناسیی دەقەکە دابڕاوە بەپێچەوانەی فۆرمالیستە ڕوسەکان کە یەکەم و دوا ئامانجی چەختکردنە بۆ بنیاتنانی شێوە. یاوس ئاواتەخوازی ڕوانگەیەکی نوێ بو کە "خوێنەر بخاتە شوێنی گونجاوی دەق و ئەم ڕوانگەیەش ناو دەنێت (جوانیناسی وەرگرتن)"، (عبدالواحد1996، 27) کە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ میتۆدەکانی پێشودا نەبو لە پێناسەکردنی ئەم زاراوەیەدا بەجۆرێک کە لە قسەکانیەوە تێدەگەین بانگەشەی بۆ یەکگرتنی نێوان ئەدەب و مێژو هەروەها مامەڵەکردن لەگەڵ دەق دەکات و بەڵام بەپێی دو پێوەر ئەنجام دەدرێت کە ناتوانین هیچ کامیان فەرامۆش بکەین، ئەوانیش پێوەری درکپێکردنی جوانیناسی بۆ وەرگرە، هەروەها پێوەری ئەزمونەکانی ڕابردوە کە لە ساتەکانی وەرگرتندا ئامادەبونی خۆی دەبێت، بەجۆرێک ئەزمونی جوانیناسی بە مامەڵەکردن لەگەڵ دەق لە ڕێگەی خوێنەر لە سەدەکانی پێشو ئاشکرا دەکات.

لێرەدا بۆمان دەردەکەویت ئەو ڕوانگەی کە یاوس لە تیۆری وەرگرتندا بۆی چوە، توانای بانگهێشتکردنی ئەزمونەکانی ڕابردو و مێژو و دوبارە وەرگێڕانەوەی بۆ داهاتوی نوێ هەیە، بەمەش ڕابردو و مێژوی تێکەڵ کردوە کە مارکسیزم پشتی پێ بەستوە و وەریگێڕاوەتەوە بۆ شێوەیەکی نوێ یان کارەکتەری هونەری نوێ و هەر ئەمەیە کە فۆرمالیزمی ڕوسیی پشتی پێ بەستوە، بەو پێیەی کە پێوایە ڕابردو و ئێستاش وەڵامی خزمەتگوزارییەکانی دیکەمان بۆ دەداتەوە" (محمد1999، 102)، بەڵام لێرەدا یاوس ناکۆکی لەگەڵ هاوڕێکانی لە تیۆری وەرگرتندا هەبو، چونکە بایەخی بە کێشەکانی وەرگرتن تارادەیەکی زۆرپەیوەست بو بە سەرقالیکردنی بە پەیوەندی ئەدەب و مێژودا.

### دوەم - وۆڵف گانگ ئایزەر:

ئایزر کاریگەربو بە بیرکردنەوەی کەسانی پێش خۆی، وەک ڕۆمان ئینگاردین و یاوس، تا ئەم ڕادەی یاوس هاوکاربولە توێژینەوەو لێکۆڵینەوە و ئەو کۆنفرانسانەی کە تێیدا گەیشتونەتە بیرۆکەی تیۆریەکە، واتە تیۆری وەرگرتن، بە ڕوانگەی ئەوەوە پشتی بە دیوی شیکردنەوە بەستوە، مەبەست لەم شیکردنەوەی تەقلیدی نییە، بەڵکو ئەو شیکردنەوەی کە مانامان نیشان دەدات لە ڕێگەی خوێندنەوە بەڵکو گواستنەوە لە دەق و نوسەرەوە بۆ دەق و خوێنەر بو. (محمد 1999، 107).

لە لای ئایزەر "دەقی ئەدەبی خوێنەرێکی سادەی نیە، بەڵکو زیاتر پێکهاتەیەک یان تێکەڵاوبونێکە لە نێوان هەردوکیان"، چونکە لە ڕێگەی ئەم تیۆریە نوێیەوە دەق وخوێنەری یەکخست، لە گرنگترین بەرهەمەکانی تیۆری خوێندنەوە یان وەرگرتن، (محمد 1999، 124). بەرهەمی ئەدەبی لە لایەن ئایزەر تەنها لە دەقەکەدا دروست نابێت، نە لە وەرگریشدا، بەڵکو کارلێکی بەرهەمدارە، کە لە ڕێگەی دەقەوە وەک کاریگەرییەکی جوانیناسی دروست دەبێت، دەتوانرێت هەست پێبکرێت و دواتر هەڵیبسەنگێنی و حوکمی لەبارەوە بدەی، خودی ئایزەر وتی: " بەرهەمی ئەدەبی دو جەمسەری هەیە، ئەوانیش کە پێویستە ئێمە ناویان بنێن هونەری و ئێستاتیکی(جوانیناسی)، هونەری ئاماژەیە بۆ ئەو

دەقەی کە نوســەر دایهێناوە، لە کاتێکدا جوانیناسی ئاماژەیە بۆ ئەو بەدواداچونی جوانیناسی کە خوێنەر ئەنجامی دەدات"، (أیزر1994، 12)، و لەبەر ڕۆشنایی ئەم جەمسەرییەدا ئەوە ڕون دەبێتەوە کە خودی کارەکە ناتوانێت لەگەڵ دەقەکە یان بەدواداچونەکە بگونجێت، بەڵکو دەبێت بکەوێتە شــوێنێک لە نێوانیاندا. ئەمەش دابەشــبونێکە چەمکی بەرهەمێکی ئەدەبی نیشــان دەدات، ناکرێت لە هیچ حاڵەتێکدا لەســەر بنەمای هیچ کام لە دو جەمســەرە بنیاتبنرێت، ئەوەندەی لەسەر بنەمای خاڵێک دامەزراوە ئەمیش وەرگرتنی ئەگەریە لە نێوانیاندا.

ئەوەی هەر لە سەرەتاوە سەرنجی ئایزەری وروژاند، پرسیارێک بو کە چۆن دەقێک دەتوانێت مانای هەبێت لە لای خوێنەر، و لە چ بارودۆخێکدا. بە پێچەوانەی ئەو لێکدانەوە تەقلیدییە کە هەوڵی ڕونکردنەوەی مانا شـــاراوەکانی دەدات، تێڕوانینی ئایزەر ســـەبارەت بە مانا وەک دەرئەنجامی کارلێکردنی نێوان دەق و خوێنەر دەبینێت، تایبەتمەندی جیاکەرەوەی بۆ دەقێکی ئەدەبی لە توانای بەرهەمهێنانی شتێکی جیاواز بێت، بۆیە کردەی خوێندنەوە دەبێتە چالاکییەکی زیندو لە پرۆسەیەکی جوانیناسیدا کە لێیەوە ناوەندیبون لە دەقەوە بۆ خوێنەرەکەی دەگوازرێتەوە، بەرەو کارلێککردن بۆ بەرهەمهێنانی کاریگەریی جوانیناسی. (العزاوي 2017، 98).

### 4-2- وەرگر لە لایەن ئایزەر و یاوس:

بێگومان ئایزەرزیاترقوڵبۆوە لە بەشداریکردنی خودی وەرگر لە بنیاتنانی مانای دەقەدا بە ڕێگەی کردەی درکپێکردن، و ئەم قوڵبونەوەش ئەوە بو ئەوەی (هوسەرل) ناوی لێنا مەبەستگەرایی، وەک چۆن ئایزەر بینی کە لێکدانەوەی نەریتی کلاســیک نادروســـتە بۆ نزیکبونەوەکانی تازە لە دەقەکەدا، بەوەی کە بەرهەمێکی ئەدەبی تەنیا بە ڕەنگدانەوەی بەها باوەکان دادەنرێت، لە کاتێکدا هونەری هاوچەرخ سەرنجی لەسەر کارلێکی نێوان دەق و پێوەرەکانی دەوروبەریدا دەکات، لەلایەکیتر مەیلەکانی خوێنەر، "بەرهەمی ئەدەبی دەق بە تەواوی بابەتیی نییە بۆ خوێنەر، بەڵکوهەردوکیان کۆدەکاتەوە وگونجاندن دروســـتدەکات".(هۆلب1999، 230) وەک ئەوەی هەریەکەیان تەواوکەری ئەویتربێت. ئایزەرلە ڕێگەی بەرهەمەکانییەوە هەوڵیدا تـایبەتمەنـدی یەکگرتویی و گونجـانـدن بە خوێنەربـدات و گەیشـــتە ئەو ئەنجـامەی کە گونجاندن تا ڕێژەیەک لە ڕوی دەقییەوە نادرێت، بەڵکو پێکهاتەیەک لە پێکهاتەکانی تێگەیشتن خوێنەر بنیات دەنێت، چونکە مەبەســت لە پشــکنین و وەڵامدانەوە و هەڵچونە، لەســەر ئەم بنەمایە پێکهاتە و تێگەیشــتنانەی خۆی بنیات دەنێت، چونکە مەبەســت لێی گەیشــتن بە وەڵامدانەوە و کارلێککردنە، و چونکە لەســەر بنەمای ئەم تێڕوانینە گریمانە دەکرێت کە هەر کەلێنە و بۆشـــاییەک لە دەقەکەدا هەبێت خوێنەر دەبێت پڕیبکاتەوە، ئەمەش بەندە بە ڕێبازی کارلێککردن لە نێوان پێکهاتەی دەق و پێکهاتەی تێگەیشـــتنی خوێنەر، چونکە پێکهاتەی مانا لە ڕوانگەی ئەودا لە چەمکەکانی خوێنەردا نییە لەســـەر پێکهاتەی دەق. ئەم تێگەیشـــتنە وەک ئاراســـتەی وەرگرتن و بە مەبەســـتێکی کارایی دەســـتی پێکرد بە کۆمەڵێک پەیوەندیی ماناییەکان لە ڕێگەی کارلێکێکی هەڵچون لە نێوان دەرەوەی پێکهاتەی دەق و پێکهاتەی تێگەیشتن.

یاوس کۆمەڵێک چەمک لە ڕێبازە ڕەخنەییە جۆراوجۆرەکان وەردەگرێت، لە هەمان کاتدا ســـودی لە بۆچونەکان و ئاراســـتە فەلســـەفەیەکانیش وەرگرت بۆ ئەوەی بوارێکی زیاتر بدرێت بە (خوێنەر/ وەرگر)، بۆ لێکۆڵینەوە لە دەقە ئەدەبییەکان پاراســتنی بەهای هونەری و جوانیناســیەکەی لە ڕێگەی پەیوەندی کارلێککاری لە نێوان دەق و خوێنەرەوە کە لە هەردوک ئاراســـتەوەیە (لە خوێنەرەوە بۆ دەق و لە دەقەوە بۆ خوێنەر)، و" لە گرنگترین ئەو چەمکانە؛ چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانی، کە ئامرازێکی بنەڕەتی بۆ پێوانەکردنی مەودای جوانیناسی لە نێوان ئاسۆی دەق و ئاسۆی خوێنەر، و

چۆنیەتی پەیوەندی نێوانیان (وەڵامدانەوە، نائومێدی، یان گۆڕانکاری)، هەروەها گرنگی وەرگرتنی چەمکی پرسـیار و وەڵام لە گادامێریەوە، بۆ گەڕاندنەوەی اعتبار بۆ پەیوەندیی دیالێکتیکی نێوان دەق و خوێنەر".(أسـماعیل 2002، 73-74).

وەرگر لە لایەن ئایزەر، سەرنجی فراوانتر و گشتگیرتر بو، بەو پێیەی ئەو ڕەوتێکی فەلسەفی یان مێژویی پەیڕەو نەکرد وەکو یاوس، بەڵکو ڕوانگەی ئەو لەسـەر کارلێکی نێوان دەق و خوێنەر دامەزراوە، ئەگەرچی یاوس بایەخدانی بە تیۆری وەرگرتن لەلای ئەو لەسـەر بنەمای حەز وئارەزوی پەیوەندی نێوان ئەدەب و مێژودا بو، بەڵام لەهەمان کاتدا بەشداریکرد لەگەڵ ئایزەردا لە دوبارە پێکهاتنەوەی تیۆری ئەدەب لە ڕێگەی لادانی سەرنج لە سەر نوسەر ودەق، بۆ ئەوەی دیسان سەرنج بخاتە سەر پەیوەندی دەق/خوێنەر.

### 2-5-تیۆری وەرگرتن لە هونەری شێوەکاری:

ئامانجی تیۆری وەرگرتن خوێنەرە کە بە بەرهەمهێنەر و تەواوکەری دەقی داهێنەری دادەنێت، بەپێی کۆمەڵێک بنەما کە ئەنجامی دەدات، وەک ئەزمونی مەعریفی و تێبینییەکان، چۆنیەتی بینینی دەقی بینراو و توانای گەیشتن بە پەیوەندی لەگەڵ دەقە بینراوەکەدا. هەروەها ئەم پەیوەندیە لە نێوان دەقی بینراو و خوێنەر هەر چۆن بێت هەموی بۆ ئاست و ئەزمونی خودی خوێنەر دەمێنێتەوە بە پێ چەندین بنەمای تیۆری وەرگرتن خوێندنەوەکە ئەنجامدەدات، بەجۆرێک بازنەیەک دروست دەبێت لە نێوان دەقی بینراو (کاری هونەری) کە تیشک دەداتەوە سەر وەرگر بۆ ئەوەی ڕوانگەیەکی نوێ لە نەخشـەی ڕەخنەدا بکێشـێت. پێشـکەشـکردنی ئەم جۆرە خوێندنەوەیە بناغەیەکی ڕێبازە ڕەخنەییەکان دادەمەزرێنێت کە لە بەرهەمی هونەری پۆسـتمۆدرنیزم گرنگی خۆی هەیە، چونکە وەرگر لە دەقە بینراوەکان ژیان و مەعریفە و دەسـەڵاتی لە نێو دەکات. ئەمەش دۆخی گەیاندن و بونی واقیعیانەی بەرهەمەکەی پێکدەهێنێت، بەدەر لە لێکدانەوە و مەبەستی تاکلایەنەی هونەرمەند لە شێوە و ئاماژەکردنی خۆی، هەروەها " وەرگر پێشوازی گریمانە دەکات لەبونی مادەی داهێنەر کە نوێنەرایەتی پەیوەندی نێوان داهێنەر و خوێنەر دەکات، ئەم مادەیە ڕەنگە شـیعر یان نوسراو بێت، یان هونەرەکانی گێڕانەوەی زارەکی، وێنە، پۆسـتەری ڕیکلام، شریتی فیلم، تابلۆ، پەیکەر، وێنە، نەخشـاندن و دیزاین، فیلمی ڤیدیۆیی، ئینستەلیشن، هونەری نمایش، میدیای دەربڕینی بینراوی.هتد".(Al-Husseian,2009, 22)


وەرگرتن لە هونەردا واتا کارلێککردن، ئاشـکراکردن، تێڕوانین و پەیوەندی نێوان بینەر و بەرهەمی هونەری کە وەک دەقێکی بینراوی پڕ لە بیرکردنەوەی هونەری و لایەنی جوانیناسی، شـێوازی کارکردن، ئاماژە، بیرۆکە، مانا و ڕەگەزەکانی دەربڕین کە هەمو ئەمانەکلیلی دەقی بینراو پێکدەهێنن لەسـەر وەرگر ڕەنگدانەوەی هەیە، وەک هێڵ، ڕەنگ، بارسـتە و فەزا، لە ڕوی پەیوەندییە ئاڵۆزەکانەوە لە هارمۆنی، ڕیتم، دژایەتی، هارمۆنی و ئەو مشـتومڕەی کە لە نێوانیاندا ڕودەدات ئەم پەیوەندیانە لە خودی بەرهەمی هونەریدا یان لە وەرگردا لە ڕوی سـۆزدارییەوە لە دەرون و بەها و بیرکردنەوەی بینەرەوە، ئاوایە پاڵیان پێبنێیت بۆ ڕەتکردنەوەی کارەکە یان قبوڵکردنی.

ئەوەی هونەرمەندانی سـاڵانی پەنجاکان پێشـکەشـیان کرد، سـەرەتایەکەیان ڕاگەیاند کە کۆمەڵێک فۆرم و پراکتیکی هونەرین کە سەرنجی بۆ ئامادەبونی بینەر لە بەردەم بەرهەمە هونەریەکەدا ڕاکێشا و گرنگی بە ڕۆڵ و چالاکییەکەی دەدا لە وەرگرتن و تەنانەت هەندێک لەو فۆرمانە هەوڵیان دەدا بونی فیزیکی کارەکە هەڵبوەشـێننەوە و ڕۆڵی سـەرکی بۆ وەرگر دادەنێن، باشترین نمونەش کۆمەڵێک لە تابلۆ سپییەکان، کە لە لایەن هونەرمەند ڕاوشنبێرگ-Robert-2008-1925)

(Rauschenberg نمایشـکران لە سـاڵی(1951)، دا بەچەندین تابلۆی ڕەسـەنی بە یەک و دو و سێ و چوار و پێنج و حەوت پانێڵ کە بە تەواوی سپیی بو، هیچی لەسەر نەکێشابو بۆ ئەوەی ڕەگەزی نوێ وەک وەرگر بەشداربێت لە ناو ئەو تابلۆیانە لە ڕێگەی ڕەنگدانەوەی ڕوناکی و کاریگەری سێبەرەکانی خودی وەرگر بۆ سەر تابلۆ سپیەکان، چونکە لە هۆڵی نمایش بەو مانایەی هونەرمەند ڕێگە بە بینەران دەدات ببنە بەشێک لە دەقی بینراو لە هەمان کاتدا ببێتە جۆرێک لە پێکهاتەی کراوە (شـێوە1) لێرەدا بەرهەمی هونەری زۆرجار بەمەبەسـت لە لایەن هونەرمەند بەم شـێواز و تەکنیکە دروســتدەکرێت، کە وەرگر ڕۆڵی هەبێت وەکو بەشــێک لە تەواوکردنی دەقەکان، کاتێک هونەرمەند بە کراوەیی بەرهەماکان بەجێدەهێڵێت بۆ ئەوەی ڕۆڵ و ڕەنگدانەوەی وەرگرەکان لەنێو بەرهەرمەکان ببێنێت، ئەگەر دەقە بینراوەکە بریتیبو لە نەبونی فۆرم و شێوەیەکی نادیاریش، بەردەوام کرانەوەیەکی دینامیکی لە لایەن وەرگر دەربڕینی جیاواز و نوێبونەوە و دوبارە بەرهەمهێنانەوە ە دەردەکەوێت. بە جۆرێکی تر کاری هونەریی جاســپەر جۆنز(Jasper Johns-1930) بەناونیشــانی (ئامانج لەگەڵ چوار ڕوخســار-1955 )،(شـێوە2)، بەشـێوازێکی تر توانیان ئەو جۆرە ڕەگەزانە بەکاربهێنن بۆ وروژاندن و پرســیارکردن لەبارەی میکانیزمی وەرگرتنی کاری هونەری لە لایەن وەرگر و ڕێگە بدرێت پەیوەندیی لە نێوان کارە هونەرییەکە و وەرگرەکەدا دروســتبکرێت، بۆ نمونە ئامانجی ئەم پارچە مۆتیڤەی تێدایە کە بە شــێوەیەکی ســەرنجڕاکێش لەســەر تابلۆیەکەی کێشــاویەتی بەتایبەتی کاتێک وەرگر چاوی لە ناوەڕاســتی تابلۆیەکە دەسـوڕێتەوە و بێ هاوتایە، لەگەڵ بەشی سـەرەوە چوار نیو دەموچاو لە سـندوقێکی دارێکی بچوکدا داپۆشراوە پرسـیار دروست دەکات، بۆ سەرنجڕاکێشی بینراو، لێکدانەوەی جیاواز.



(شێوە1) (پانێڵە سپیەکان1951-)



(شێوە 2) (ئامانج لەگەڵ چوار ڕوخسار-1955)

## 6-2- وەرگر لە بارەی هونەری شێوەکاری کوردی:

بەشــداریکردنی بینەر یان وەرگر لەکاری هونەریدا وایکردوە کە لەبابەتی هونەری ئاســاییدا تێپەڕبێت و ڕێگە بداتە دەرکەوتنی فۆرمی هونەری نوێ وەک: هونەری بینراو Optical art، هونەری ڕوداوHapping art، هونەری جوڵە Art of Movement، یان فۆرمی داهێنەرانە کە لەسـەر بنەمای بەشـداریکردنی کۆمەڵێکن، کەواتە بواری هونەری بە خودی بابەتەکەوە سـنوردار ناکرێت، بەڵکو بۆ ئەو ئەزمونە دراماتیکیەی کە وەرگر لە بارودۆخێکی مەعریفی دیاریکراودا بەڕێوەی دەبات.

لەم دەیان سـاڵەی دواییدا هونەری شـێوەکاری کوردی زۆر ڕەهەندی لە گەشـەکردن و داهێنان لە ئاسـتی فیکریدا بەڕێوەبرد لە ڕوی مەتریال وتەکنیک و جوانیناسی، بابەت، بیرۆکە هاوتەریبون لەگەڵ بزافە هونەرییەکانی جیهانی. هەربۆیە هونەرمەندی کورد لە بەرهەمە هونەریەکەیدا چەندین پرســیار دەوروژێنێت بۆ بینەر کە دەبێتە میکانزمی

وەرگرتن بۆ پەیوەندیکردن و بنیاتنانی مانا کە زۆرجاریش بۆ نمونە هەڵبژاردنی ناونیشانی بەرهەمەکە دەبێتە هۆکارێک بۆ چەند لێکدانەوەیەک و شیکردنەوەیەکی فرە و هەمەچەشن بۆ وەرگر، تەنانەت زۆر جار وەرگر هەوڵ دەدات خوێندنەوەیەکی نوێ بنیات بنێتەوە، بە پشت بەستن بە هەمو هزر و خەیاڵ و ئەزمونە کەڵەکەبوەکانی لەبارەی کاری هونەری و ئیلهامیان لێ وەرگرێت وەک ناوکێکی هونەری کە لەسەری بنیاتنراوە بە شێواز و تەکنیکە جۆراوجۆرەکان، کە هەمویان توانای ئەم توخمەیان سەلماندوە بۆ ڕزگاربون و پەرەسەندنی گۆڕانکارییەکان بەبێ ئەوەی هیچ لە بریقەی ڕەسەنە جوانکارییەکەی لەدەست بدات، وەکو چەندین پرۆژە لەلایەن هونەرمەندانی کوردی هاوچەرخدا، کە بونەتە هۆی دروستکردنی بوارێکی هونەریی سەرنجڕاکێش بۆ وەرگر لە ڕێگەی ئەم تەکنیک و مەتریال و شێواز و بیرۆکەیەدا.

## 7-2- (پرۆژەی هونەریی پەڕینەوە) بۆبەشێک لە هونەرمەندانی کورد:

یەکێک لەگرنگترین بەها دامەزرێنەرەکانی هونەری شێوەکاری کوردی بونی خۆی دەچەسپێنێت لەپرۆسەی نمایشکردنی کاری هونەری بۆ وەرگر دەرئەخات پاشان بەشداری کردنی وەرگر لە خوێندنەوەی کاری هونەری چیتر بە وەرگرێکی سادە دانانرێت بەڵکو ئامادە بونی هۆکارە بۆ دیاریکردنی بەهای کارە هونەرییەکان، تا ئەو ڕادەی وەک مارسێل دۆشامپ کاتێک دەڵێت: "بینەر یان وەرگر ئەو بەها بە کارەکە دەدات"،(Rudolf 1996, 62) هەر بەم جۆرەش (پرۆژەی هونەری پەڕینەوە )کە لە مانگی چواری (2021)، بۆ نزیکەی مانگێک بەردەوام بو لە گەلەریی جیهان لە هەولێرلە لایەن کۆمەڵێک هونەرمەندانی کوردی هاوچەرخ ژمارەیان (9) کەس بون، هەریەک لەم هونەرمەندانە لە چوارچێوەی ناونیشانی پرۆژەکە بە شێواز وتەکنیک و مەتریالی جیاواز کاری هونەریان نمایشکرد کە هەندێکیان بە شێوەی: نیگارکیشان، ئەبستراکت ئێکسپرێشنیزم، ئینستەلەیشن، دیجیتال ئارت، فۆتۆ، ڤیدیۆ ئارت، ڤیدیۆگرافییە بێگومان سەرجەم کارەکان لە بازنەی چەمکی پەڕینەوەدا جێبەجکراوە. بەلای ئەم گروپە چەمکی پەڕینەوە، چەمکێکی فراوانە و لە هەر کۆنتێکستیکدا لێی بڕوانین، خاڵی دەرچون و هەنگاونان و ناجێگیریە، پرۆسیسی_ گواستنەوەیە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر، هەڵگری پەیامی بەرەو پێشچونە و لە هەمان کاتدا جێگیرنەبونە لە یەك شوێن و کات و جوگرافیادا، یاخود مانەوە لە بۆتەیەکی دیاریکراوی هزری و مەعریفی دا.

ئەم دەستەواژە (پەڕینەوە) لەلایەن کاترین لی، پارێزەری هونەر و کۆکەرەوەی هونەری لە شانگهای، نیویۆرک دامەزراوە بەو بڕوایەیی کە هونەری هاوچەرخ دەتوانێت دیالۆگ لە نێوان کولتورەکان و گوتارەکاندا فراوان بکات و لەگەڵ کۆمەڵگەکاندا هاوبەش بکرێت نەک سنوردار بکرێت بۆ هەندێک ناوچە یان بینەرو وەرگر کەلتوری جیاواز. لە ساڵی 2008 تا 2014، هونەری پەڕینەوە زیاتر لە شەست پێشانگا و پرۆژەی هونەری گشتی لە شاری نیویۆرک نمایش کردوە کاری هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراو و هونەرمەندانی گشت جیهان کردوە بۆ فراوانکردنی گوتاری هونەری و قوڵبونەوە لە مەعریفە و دروستکردنی بینەر و وەرگری هونەری و کۆمەڵگەیەکی هونەری بۆ خزمەتی هەردو لا هونەرمەند و وەرگر دەکات لە بەرهەمەکانی هونەریی.(Bruce2018).

فرەیی شێوازو بزاڤە هونەرییە هاوچەرخەکان و ئاسۆ فراوانەکانیان، پرۆژەکە بە ئەزمونێکی نوێ دادەنێت بە چەندین واتا و ڕەهەند و دیدگا بەبێ لادان لە بەهای ڕەسەنی خۆیان دەرەفەت بە وەرگر دەدەن، چونکە دەیان بەرهەمی هونەری توانیویانە پێکهاتەی جیاواز وداهێنەرانە و کاریگەر لەسەر ئەزمونی وەرگر هەبوە بە جۆرێک بونەتە هۆی شکانی چاوەڕوانی ئاسۆی پێشبینیەکانی خوێنەر یان وەرگر کە ئەم چەمکەیە ئایزەر بە ڕونی ئاماژەی کردوە بە هۆشیاریەکی نوێ بانگەشەکردنی بۆشایی جوانیناسی واتە ئەو بۆشاییەی لە نێوان ئەو چاوەڕوانیەی کە پێشترهەیە

لەگەڵ کارە نوێیەکە، وەرگر بتوانێت گۆڕانێک بکات لە ئاسـؤبە نکۆڵیکردن لە هەمو ئەزمونەکانی پێشــتر، بەجۆرێک نائومێدی لە گومانەکانی وەرگر لە گونجاندنی پێوەرەکانی پێشـو لەگەڵ پێوەری کاری نوێ دروسـتدەکات، ئەم ئاسـۆییە کە لە ڕۆشناییەکەیدا لادان لە ئاشنابون دروست دەکات.

## 2-8- ئاماژەکانی چوارچێوەی تیۆری:

1 - وەرگرتن یەکێکە لەو تیۆرییە ڕەخنەییە مرۆیانەی (دوای بونیاتگەرایی)، کە بەها و شکۆی بۆ خوێنەر گەڕاندەوە.

2- خوێنەر ڕۆڵی خۆی وەرگرت دوای سەرهەڵدانی تیۆری وەرگرتن، بەڵکو ڕێخۆشکەر بو بەڕوی کراوەیی فرەیی ڕێبازە ڕەخنەگرانەکانەوە کە بە میکانیزمێک دوبارە دەقەکان بەرهەمدەهێنێتەوە یان لێیان دەکۆڵێتەوە.

3- وەرگر میکانیزمی پێشوازیی گریمانە لە بونی مادەی داهێنەر دەکات کە نوێنەرایەتی پەیوەندی نێوان داهێنەر و خوێنەر دەکات.

4- تیۆری وەرگرتن لە ســەرەتا بە فینۆمینۆلۆژیا کاریگەر بو کە کرداری دیاریکردنی مانا بو، دوایی فۆرمالیســتەکان گرنگییان بە دەق و جوانیناســیەکەی دەدا، ســێیەمیان: کۆمەڵناسی ئەدەبیاتە کە پەیوەندی لە نێوان وەرگر و کۆمەڵگا دانا.

5- میکانیزمی جوانیناسی وەرگرتن لە لایەن یاوس ئاواتەخوازی ڕوانگەیەکی نوێ بو، بۆ ئەوەی خوێنەر بخاتە شوێنی گونجاوی دەق.

6- مانا بابەت بون لە دەق بینراو و وەرگر، تەنها لە ڕێگەی میکانیزمێکی هەڵچون و لەنێوان دەق بینراو و خەیاڵی خوێنەر دایە، بەڵکو هەردوکیان کۆدەکاتەوە و گونجاندن دروستدەکات.

7- میکانیزمی وەرگرتن لەبەهای جوانی و بیرۆکەی دەق بینراو لە هونەری پۆستمۆدێرنیزم لە ڕێگەی وەرگر جێبەجێدەبێت .

8- میکانیزمی ئاسۆی چاوەڕوانی ئامرازێکی بنەڕەتی بو بۆ پێوانەکردنی مەودای جوانیناسی لە نێوان ئاسۆی دەق و ئاسۆی خوێنەر.

9- بەشداریکردنی بینەر یان وەرگر لەکاری هونەری کوردی وایکردوە لەبابەتی هونەری ئاساییدا تێپەڕبێت و ڕێگە بدات بۆ ئازادی دەربڕین و دەرکەوتنی چەندین ڕەوتی هونەری کوردی پۆستمۆدێرنیزم.

## 3- کۆمەڵگای توێژینەوە:

3-1- توێژەر کۆمەڵگای توێژینەوەی دەسـتنیشـانکرد لە (پرۆژەی هونەری پەڕینەوە): (ئەحمەد نەبەز، سـاکار سـلێمان، بەهرام حاجۆ).

3-2- میتۆدی توێژینەوە: توێژەر میتۆدی (وەسفی شیکاری) بۆ شیکردنەوەی نمونەکانی توێژینەوەی بەکارهێناوە.

3-3- شیکردنەوەی نمونەکان: لەسەر بنەمای چەند پێوەرێک (چاوپیاخشاندنی ڕوکاری نمونەکە، میکانیزمی وەرگرتن لە پەیوەندیەکانی نێوان دەق بینراو و وەرگر، مەرجەع شێوازی کارکردن).



**نمونەی ژمارە (1)**

**هونەرمەند: ئەحمەد نەبەز**

**ناونیشانی کاری هونەری: من نەوەی میزۆپۆتامیام**

**ماتریال: ڤیدیۆ ئارت**

**کاتەکە: 0:04:50**

**ساڵ: 2019**

چاوپیاخشاندنی ڕوکاری نمونەکە لەم (دەقە) بینراوەدا دیمەنێکی دراماتیکییە لە ڕێگای ڤیدیۆیەکی پێرفۆڕمانسەوە، لە چەند ڕەگەزێکی سەرەکی وەکو (کات، بۆشایی، مۆسیقا، جەستەی نمایشکار، کەرستەی جیاواز، نەوتی ڕەش، قوڕ) پێکدێت. (دەقەکە) وەکو هەڵوێستێکی ناڕەزاییە بەرامبەر ناوچەکەی خۆی نمایش دەکات وتێڕوانینێک بۆ لەناوچونی یەکێک لە گەورەترین و گرنگترین شارستانیەتەکانی مێژوی مرۆڤایەتی (میزۆپۆتامیا)، بەهۆی ئەو بارودۆخە وێرانکارییەی کە لە ناوچەکەدا ڕویانداوە و تاکو ئێستاش بە شێوازی جیاواز بەردەوامە. ئەم (دەقە) بینراوە دراماتیکییە خودی نمایشکار کڵاوێکی لە قوڕ دروستکراوی لەسەر داناوە چەندین هێما و سیمبولی شارستانیەتی میزۆپۆتامیای لەسەر دروستکردوە، لە دوایدا بە جامێکی ڕەنگی زیوی نەوتی ڕەش لەسەر سەری خۆی دەڕژێنێت گشت جەستەی پێ دادەپۆشێت و چەندین جار دوبارەی دەکاتەوە، جەستەکەش (دەقەکە) پاشخانێکی تاریکی هەیە، بەڵکو ڕەنگی بە تەواوەتی ڕەشە بەبێ هیچ تۆنێک.

میکانیزمی وەرگرتن دروست دەبێت لەم کۆنسێپتە کاتێک ڕژاندنی نەوتی ڕەش لەسەر سەری و لەگەڵ دوبارەبونەوەی جوڵەی دەستی چەند جارێک ئاماژەیە بۆ دوبارەبونەوەی کارەساتەکان بەهۆی نەوتەوە لە وڵاتەکەی کە هۆکارە بۆ بزر بون و وێرانکاری، نمایشکردنێکە ئازار و نائومێدی و بزربونی ناسنامەیە کە ڕەنگدانەوەی لەسەر خودی هونەرمەند دروستکردوە، بۆیە (دەق) و فۆرمەکە بەردەوام دەشێوێنرێت، هەروەها بۆشایی ڕەش لە دورترین گۆشەوە (دەقە) بینراوەکە بۆ پێشەوەی خۆی دەربڕینە بۆ بزربون، هەمو ئەم ڕەگەزانە بەیەکەوە (مانای) ئەم بزربونەوەی مرۆڤایەتی ئاشکرا دەکەن، کە هونەرمەند بە لێهاتویی پێشکەشی دەکات و لە ڕێگەی دیدێکی جوانیناسی و تەکنیکێکی هونەرییەوە دەریدەبڕێت کە کار دەکەنە سەر هەڵچونی وەرگر لەسەر ئاستی (هەست و ویژدان، عەقڵ و هزر)، کە بە دیمەنەکە دەبەستێتەوە، بەڵام لە کۆتایی پێرفۆڕمانسەکە نمایشکار نەوتێکی ساف لەسەر خۆی دەڕێژێت، وەکو ئاماژەیەک بۆ بەکارهێنانی بە شێوازی ڕاستی و دروستی بەکارهێنانی نەوت لە وڵاتی خۆی، یان لە دیدی وەرگرێکی تر (نمایشکردنی نەوتە لە هەمو بارودۆخەکان).

هەروەها پەیوەندێک لە نێوان دەق بینراو و وەرگر هەیە لە دەربڕینی قوڵایی ئەو کارەساتە مرۆییەی کە لە ڕێگەی ئەم پێرفۆڕمانسە بەرجەستە بوە، ڕژاندنی نەوتی ڕەش لە دەقەکەدا بە مەبەستی لەناوبردنی و هێما سیمبول شارستانیەتی میزۆپۆتامیا و لەگەڵ پێکهاتەی فەزا شۆکێکی (بینراو/ هزری) بۆ وەرگر دروست کردوە، لە هەمان کاتدا نوێنەرایەتی بۆشایی دەقی کردوە کە پڕە لە (بابەتەکانی لاوەکی) کە کردەی وەرگرتن بە شێوەیەک لێیەوە سەرچاوە دەگرێت، لەم کاتەدا وەرگر هەست بە بزربونی ناسنامەی دەکات، وەک ئەوەی لە هەمان ناوچەی (دەق)دا وەستابێت، جەستەکەشی داپۆشراوبێت

بە نەوتی ڕەش تێکەڵ بون دروست بێت لە گەڵ دەق، جگە لەوەی دەبێتە هۆی ئاشکراکردنی (مانا) کەی (یاخیبون، دڵەڕاوکێ، بزربون، ئازارەکان) و ئەمەش پێشێلکردنی ئاسۆی چاوەڕوانی وەرگرەکەی پێکدەهێنێت کەبە نامۆبونی شێوەی مرۆڤ دەگاتە لوتکە، ئەگەر چی ڕەهەندەکانی خەیاڵی شێواو و هەستی بزربون و سۆز دەروژێنن، (دەقەکە) و سروشتی (جوانناسی دەربڕین) لەگەڵ وەرگرەکەدا پەیوەندی دروست دەکات، (ڕەنگی ڕەش و مۆسیقا و، جەستەی نمایشکار، نەوتی ڕەش،) ئەم ڕەگەزانە پێکهاتەیەکی فیزیکین بە شێوەیەکی دیالێکتیکی لەگەڵ وەرگردا دیالۆگ دەکەن، بەپێی سێ ئاستی خوێندنەوە (هەستیاری، سۆزداری، و هزری)، کە پێکەوە دەبێتە هۆی مانای بزربونی لە (دەقەکە)دا، هەروەها ئاشکراکردنی دیدی هونەرمەند سەبارەت بە بارودۆخەکە لە ڕێگەی ناوەڕۆکی دەقەکە، کە دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە وەرگر ماناکەی وەربگرێت، بۆ ڕێکخستنی ئەو (مانایە) کە لەگەڵ (نامۆیی) پێکهاتەکەی دەگۆڕێت بۆ کاریگەرێک کە ناکرێت سنوردار بێت لە لایەن وەرگر، چونکە بە پێی ئەزمونی ژیانی و خوێندنەوە و هزر و خەیاڵی بۆخودی (دەق) دەگۆڕدرێت و پێکهاتەکەی پێناسە دەکات.

پەیوەندیەکانی نێوان دەقی بینراو و وەرگر لە چەمکەکانی (ئایزەر) بەڕونی دەردەکەون لە جەستە و پاشخانەکەی لەم (دەقە)دا، بەو پێیەی فۆرمەکە دەشێوێنرێت (بزرکردنی جەستە) لە پێشەوەی (دەق)دا، بۆ درککردنی وەرگر و تێگەیشتنێک دابمەزرێنێت، لە دوای پاشخانە ڕەشەکە وەکو قوڵایی دەقەکە دانراوە، بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی تر بۆ دابمەزرێنێت کە جێگەی (ڕەهەندی یەکەم) بگرێتەوە، (شوێنی تێگەیشتنی یەکەم)، بۆیە هەرلە فەزای (دەقەکە) و (مانادار) دەبێت تا (ڕەهەندی یەکەم) بەجۆرێک کە هەردوکیان ببنە (زەمینەیەک) بۆ کرداری تێگەیشتن، تا وێنە و مانا بۆ (دەقەکە) دروست دەکەن.

لەم (دەق)دا هونەرمەند جوانییەکی ڕەهای بۆ شێوە دەرنەبڕیوە، بەڵکو مرۆڤێکی نامۆی سەرلێشێواو کە لە ئازارێکی زۆردا دەژی وبانگەشە بۆ مەترسی نەمانی شوناس ومرۆڤایەتی ئازارەکانی و وێرانکاری دەکات، و بۆ گەیشتن بە ئامانجی (دەقەکە)، دەبێت وەرگر بگاتە ئاستێک بەرکەوتنی لەگەڵ ئەم میکانیزمەدا هەبێت و دیالێکتیکی (هەستیاری/هاوسۆزی) تێکەڵبون دروست بکات، بە هەستەکانییەوە ببێتە بەشێک لە ئەزمونەکەی، لە هەمان کاتدا بەناو وردەکاری دەقەکە سەرگەردان بێت، بۆیە لەکاتی خوێندنەوە دا بە شێوەیەکی فراوانتر وێنای دەقەکە بکات، بەم شێوەیە درپێکردنی وەرگر دەگۆڕێت و میکانزمێکی تایبەت بۆ وەرگرتنی بۆ دەقەکە دەبێت، کە زۆر جار تەنها لە نێو چوار چێوەی دەقەکە ناخولێتەوە بەڵکو لە دێڕێکی خوێندنەوە بۆ دێڕێکی تر دەڕوات، بێکۆتایی هەمو ماناکانی وەکو ململانێیەکی دیالێکتیکی لە نێوان ڕەتکردنەوە و نائومێدی و تەسلیمبوندا لە ڕێگەی جەستەیەک (دەق) نیشان دەدات، هەندێک جاریش وەرگرتنی دەقەکە لە لایەن وەرگرەوە ئاسان نیە، چونکە" ئێستاتیکای وەرگرتن نکۆڵی ناکات لە کراوەیی دەق و ئازادیی خوێنەر لە کرداری تەئویل کردن". (شارەزوری ١٣٩٩، 59) بۆیە کاتێک دوجۆر نەوت لەسەر خۆی دەڕێژێت دەکرێت پرسیار لە لای وەرگر دروست بکات ببێتە هۆی خوێندنەوەی جیاواز، یان هانی وەرگر دەدات بە دوای دۆزینەوەی گوتاری شاراوەی جوانیناسیی بگەڕێت و بە پێدانی وەڵام بۆ ئەو پرسیارە بەردەوامانەی لێرەدا سەبارەت بەم پێرفۆرمانسە تێڕامانە خەیاڵییەکەی خۆی و دانانی میوزیکی ترسناک و خەمناک و پاشخانیکی ڕەش بەبێ تۆنی جیاواز ڕژاندنی نەوتی ڕەش لەسەر جەستەی نمایشکار، وەرگر هاندەدا بۆ گەڕان بە (پێکهاتەی دەقەکە)، کە لە ڕوی هزریەوە بە خێرایی مانای ئاماژەپێکراوی بۆ وەرگر دەرکەوێت، لەم دەرکەوتنەدا (جەستەی داپۆشراو بە نەوتی ڕەش) نەوتێکی ساف لە کۆتایی

پێرفۆرمانسەکە لەسەر خۆی دەڕێژێت، بێ گومان وەڵامدانەوە لە لای وەرگر دروست دەکات کە لەسەر بنەمای ڕازیبون و ڕەزامەندیە.

چونکە دەقی بینراو وەڵامی ئاسۆی چاوەڕوانی دەداتەوە مەرجەعی خوێنەر لەگەڵ پێوەرە جوانیناسەکاندا هاوئاهەنگە، کە چۆن وڵاتەکەی سەرلەنوێ بنیاتبنێتەوە، چونکە بێ گومان لەلای وەرگریش شوێنەواری ئەم شارستانییە گەورەیە خەریکە بە تەواوی لەناو دەچێت، بەتایبەتی دوای دۆزینەوەی نەوت لەم خاکەدا، کە وایکرد وڵاتەکەمان سەرچاوەیەکی ئابوری گرنگ بێت بۆ هەندێک وڵاتان، هەروەک خودی هونەرمەند ئاماژەی پێکردوە لە نوسینەکانی، شێوازی نمایشکردنی پێرفۆڕمانسەکە لە ڕێگای دوبارەکردنی ڤیدیۆ ئارتەکەیە پاش تۆمارکردنی.



**نمونەی ژمارە (2)**

**هونەرمەند: ساکار سلێمان**

**ناونیشانی کاری هونەری: هەنگاوی بێ دەنگ**

**ماتریال: ئیسفەنج**

**قەبارە: 180x180x91 cm**

**ساڵ: 2021**

چاوپیاخشاندنی ڕوکاری ئەم (دەقە بینراوە) ئەنستەلەیشنە لە ڕێگای مەتریالێک نوێیە بۆ وەرگری کورد، قادرمەیەک نمایش دەکات لە چوار پایە پێکهاتوە، بینەر بۆی هەیە لە هەمو لایەکەوە بە گۆشەی جیاواز ببینێت، بە تێکەڵکەڵکردنیی چەندین ڕەگەز بۆ نمونە (ئیسفەنج وەکو مەتریال، قەبارە، هێل، بۆشایی، نەرمی)، خودی هونەرمەند لە سەر کارەکەی ئاماژەی بە بیرۆکەکەی کردوە کە مەبەستی بێ دەنگی هاتوچۆیە کە ئەمیش پێشنیازی کورەکەی بوە بە داپۆشینی هەمو پایەکی قادرمە بە ئیسفەنج، بەڵام بێگومان لای خوێنەر بۆ چونی جیاوازی بۆ ئەم ئەنستەلێشنە دەبێت.

چونکە مکانیزمی(دەق) بینراو سیستەمێکی پێکهاتەیی لەخۆدەگرێت کە جۆرەها پەیوەندیی نزیک و دور بە میکانیزمی تێگەیشتنەکەیەوە هەیە لای وەرگر، بەڵام لە لایەکی تر هۆکاریی گواستنەوەیە بە کۆمەڵێک پایەکانی، یان مەبەستیان ئاسانکردنی گەیشتنە لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر بەبێ ئاژاوە، چونکە ئەم (بیرۆکە، مەتریال، و شێوە) هەمو پێکەوە کاردەکەن بۆ سەرنجدانی وەرگر دروستکردنی پەیوەندی دەقی بینراو و وەرگر بۆ تێگەیشتن لە ڕێگەی (سەقامگیری، ئارامی، نەرمی، قەبارە)، میکانیزمێکە لە نێوان ئەم ڕەگەزانەی باسمان کرد کاردەکەنە ئەزمونی وەرگر، بۆ خستنەڕوی میکانزمێک لە (هەست و سۆزی بینراو) لەبری (زانینی بینراو) تەنیا لە ڕێگەی بنیاتنانی شێوەکە بەپێی بیرۆکەکە و بنیاتنانیدا پێکهاتەکەی و ڕێکخستنی ناوخۆیی بە مەتریال وای لە (دەقەکە) کردوە گۆڕانکاریەکی تر لە ڕوانگەی خوێنەر دروست بکات، ئەگەر چی لەم دەقە بینراوە فۆرمی قادرمە وەکو خۆیەتی بەڵام جێبەجێکردنی بە ئیسفەنج جێگای سەرنج ڕاکیشانی بینەر یان وەرگرە، ئەم (دەق) بینراوە نوێنەرایەتی گۆڕانکاری لە دیدگای وەرگرانی شێوازی هونەری کوردی پۆست مۆدرێنزمدا کردوە هەروەها لە جێژی جوانیناسی وەرگرەکە لانەدات.

(بیرۆکە مەتریال و شێوە) پێکەوە کاردەکەن بۆ سەرنجڕاکێشانی وەرگر بۆ تێگەیشتن لە ڕێگەی (سەقامگیری، ئارامی، نەرمی، قەبارە)، میکانیزمێکە لە نێوان ئەم ڕەگەزانەی باسمان کرد کاردەکەنە سەر ئەزمونی وەرگر، بۆ خستنەڕوی

میکانزمێک لە (هەست و سۆزی بینراو) لەبری (زانینی بینراو) تەنیا لە ڕێگەی بنیاتنانی شێوەکە بەپێی بیرۆکەکە و بنیاتنانیدا پێکهاتەکەی و ڕێکخستنی ناوخۆیی بە مەتریال وای لە (دەقەکە) کردوە گۆڕانکاریەکی تر لە ڕوانگەی خوێنەر دروست بکات، ئەگەر چی لەم دەقە بینراوە فۆرمی قادرمە وەکو خۆیەتی، بەڵام جێبەجێکردنی بە ئیسفەنج جێگای سەرنج ڕاکیشانی بینەر یان وەرگرە، ئەم (دەق) بینراوە نوێنەرایەتی گۆڕانکاری لە دیدگای وەرگرانی شێوازی هونەری کوردی پۆست مۆدرێنزمدا کردوە هەروەها لە جێژی جوانیناسی وەرگرەکە لانادات.

ئایزەر لەبەر ڕۆشنایی بۆ چونەکانی ئینگاردندا دەڵێت" بۆ ئەوەی بخوێنیتەوە پێوستە زانیاریمان هەبێت لەسەر شێوازە ئەدەبیەکان و ئەو دەستەواژانەی کە ئەو دەقە بڵاوی دەکاتەوە، هەروەها دەبێت تێگەیشتمان هەبێت بە یاساو ڕێساکانی کارە ئەدەبیەکەوە، ئەو یاساو ڕێسایانەی هۆکارەکانی داڕشتنی واتاکان بەڕێوە دەبەن (شارەزوری 1399، 81) کەواتە ئەم خوێنەرانەی ئاگاداری گۆڕانکارییەکانی هونەری پۆست مۆدێرنن، چێژوەرگرتن لە ئەنستەلەیشن و مەتریالەکانی تر گواستنەوەیەکی جۆریە لە میکانیزمی وەرگر بۆ (دەق) پێشێلکردنی (ئاسۆی چاوەڕوانییەکانی) لە هەمانکاتدا، ئەو نا گونجاندنەی تێپەڕاند کە لە نێوانیاندا هەبو و بە شێوەیەک کە لەگەڵیدا بوواتە نا گونجاندن لە نێوان (قادرمەیەکی ڕیالیست لە ڕوی شێوەو قەبارەوە بەڵام بە ئێسفەنج)، وەک بنەما و خاڵی دەستپێکە بۆ میکانیزمێکی تر بۆ وەرگرتنی دەقەکە، بە گوێرەی پێشەنگەکانی تیۆری وەرگرتن (دەق) کاریگەری لەسەر وەرگر نییە و خەیاڵ و دەرون و هزری ناجوڵێنێت، مەگەر جیاوازی ڕێژەیی لە (بابەت و پێکهاتەکەی) لەکاتی وەرگرتنی هەبێت، بە مەرجێک ئەم جیاوازییە تاڕادەیەک دورکەوتنەوە یە لە ئاسایی، (ئامادەنەبون) لە سەربنەمای پێکدادان دروست دەبێت؛ چونکە دەقی بینراو خوێنەر نائومێد دەکات، بۆیە دەرچوە لە ئاشنایی، نائاسایی. (یامین2009، 4).

ئەگەرچی هونەرمەند لە ڕوی مەرجەعەوە لەم بەرهەمە هونەریەدا هەمو پەیوەندییەکانی لەگەڵ شێوەی ڕیالیستدا نەبڕی، بەپێی فەلسەفەی جوانیناسی و مەعریفی خۆی، نامۆکردنی ئاشنا وەک هەڵگرتنی کرداری تێگەیشتن لە لایەن وەرگر بۆ ئەوەی لەناو ئاشناکردنی نامۆدا بجوڵێت، شێوەکە و مەتریال وڕەنگەکەی و قەبارەکەی هەمو تێکەڵاوبونی ئاستەکان (ڕەگەز)ێکی نامۆیان پێکهێنا کە دەستپێکردنی میکانیزمی وەرگرتنێکی تر لێیەوە دەستی پێکرد کە پەیوەندی میکانیزمی لەگەڵ (دەقە) بینراوەکە زیاتر سەرنجڕاکێش بو بۆ وەرگر و کاریگەرییە جوانیناسییەکانی وەرگر، و توانایەکی فراوانتری پێبەخشی بۆ جوڵاندنی خەیاڵەکەی بۆ ئەوەی زیاتر لێکیبداتەوە، وەک خوێندنەوەی یەکەم (دەقە) وا لە وەرگر دەکات درک بەو ڕەگەزە (نامۆ)یانەی تێدا بکات بە شێوەیەک کە (کەلێنە دەقییەکان) دەردەکەون، وەک لە (پێکهاتەی فەزا ومەتریالی قادرمەو یەک ڕەنگ) دا گۆڕا بۆ یەک پارچە، بۆ ئەوەی دەرفەتێک بۆ وەرگرەکە بەجێبهێڵێت کە دوبارە پڕیبکاتەوە بەردەوامی لە شێوەکەدا دروست بکات، جگە لەمەش ئەم بۆشاییانە دەتوانن وا لە وەرگر بکەن بۆ لێکدانەوەی ڕەگەزەکانی و لە بەرامبەردا ئەنجامدانی چالاکییەکی هزری تر قەرەبوبکەنەوە کە نوێنەرایەتی لە پێدانی هەندێک مانای جیاواز دەبەخشێت، چونکە ئامادەبونی فیزیکی شێوەی (دەق) بێنراوەکە و ڕەهەندەکانی جوانیناسی کاریگەرییەکی چالاک و دیالۆگ لەگەڵ (وەرگر) دروست دەکەن، کار بۆ بەرهەمهێنانەوەی واقیع دەکات، واقیعێکی نوێی بەرهەمدەهێنێت لە بەرامبەر دیدێکی نامۆ کاتێک ئیسفەنج بەکاردەهێنێت بۆ شێوەکی واقعی، ئەمانە پێکەوە هەمو خەیاڵی وەرگر و توانای لێکدانەوەی دەدات، خوێنەر بە هۆی ئەو ئەزمونەی خوێندنەوەی بەدەستی دەهێنێت لەم دەقە بینراوە، بەشداری دەکات لە کردەی پەیوەندیکردن، ئەمەش وا لە میکانیزمی وەرگرتن دەکات لە ئەرکی تێگەیشتن و ئێستاتیکانەی داهێنان بکۆڵێتەوە و لە ڕوانگەی ئاسۆی چاوەڕوانییەوە دایبڕێژێتەوە، لە نمایشێک کە بە شێوازی ئەنستەلیشن.



**نمونەی ژمارە (3)**

**هونەرمەند: بەهرام حاجۆ**

**ناونیشانی کاری هونەری: ڕوخسار، جەستە و بۆشایی**

**ماتریال: MMC**

**قەبارە: 200x160 cm**

**ساڵ: 2020**

چاوپیاخشاندنی ڕوکاری ئەم (دەقە) بینراوە لەسەر بنەمای جوڵەی دو فۆڕم (فیگەر)بنیاتنراوە، کە لە بەرامبەر یەک دانیشتون، فۆرمێکیان ئافرەتە لە لای چەپ لەسەر سندوقێکی چوارگۆشە دانیشتوە، پشتی لە بینەرە سەری لە خوارەوەیە، فیگەری دوەم پیاوێکە لە لای ڕاست بە شێوەیەکی لار لەسەر سندوقێکی لاکێشە دانیشتوە، دەستی لەسەر سندوقەکە داناوە ئاراستەی ڕوی لە ئافرەتەکەیە، بەڵام سەیری بینەر دەکات، بەدەم چاوێکی شێواو و لار، فۆرمەکان بە هێڵی ڕەش کێشراون، فۆڕمی پیاوەکە پێیەکانی تەواو نەکێشراون، فیگەرەکان لەسەر کۆمەڵێک ڕەنگ کێشراون وەکو سور، سپی و ڕەش، سەوزی تاریک، بەڵام ڕەنگی زەرد و شین وەکومەتریال لە جۆری MMC، هەژمونە لەم دەقە بینراوە، ئەمەش وایکردوە کەشێکی کۆنتراست بکات، شێوەی فیگەرەکان بە شێوازێکی دەرپڕینخوازی ئەبستراکت کێشراون، جوڵەی فیگەرەکان هەستێکی تایبەتی بەوەرگر بەخشیوە، بەتایبەتی کاتێک ڕەنگەکان لە هەندێک بەش بە چڕی دانراون و هەندێکی تریان بە تەنکی و سانای لە باکگراوندی فیگەرەکان دانراوە، ئەویش لە ڕێگای بەکارهێنانی پانتایی فڵچە، جوڵە و وەشانی ڕەنگە جۆراوجۆرەکانی لەوپەڕی جەسارەت و خێرایی و تێکهەڵکێشانە کە بە ئاراستەی جۆراوجۆر دینامیکی و سەرنجراکێشە بۆ بینەرێک کە ئەزمونی هەبێت.

میکانیزمی وەرگرتن لەهاوشێوەکردنی ئەم (دەقە) لەسەر بنەمای بینینی دەرونییە، کە مەبەستی نییە لە ڕوانگەی داهێنەرەوە، خستنەڕوی تایبەتمەندییە تەقلیدییەکانی واقیعی بێت، بەڵکو گۆڕینی بۆ شێوازێک کە نامۆ بێت، (گۆڕانکاری) نوێنەرایەتی لە بێتوانایی دەکات لە ڕوی دۆزینەوەی پێوانەیەک بۆ ئەو نائومێدییەی کە لە ئەنجامی پێکدادانی ئاسۆی چاوەڕوانی لەگەڵ دەقە بینراوەکان، ئەویش دەرئەنجامی ئەو ڕەخنەیانەیە کە ئاراستەی هەوڵەکانی یاوس کراوە بۆ تیشک خستنە سەر بەهای جوانیناسی دروستکراو لە ئەنجامی دژایەتی نێوان بەرهەم و ئاسۆ، بەهۆی ئەو جیاکارییە کە ڕەخنەگران دەیبینن - لە وەرگرتنی نائومێدی لە جوانیناسیدا. بۆ نمونە ڕوخساری فیگەری پیاوەکە (ڕەشە)، بۆیە ڕەنگەکان جیهانێکی پڕ لە نهێنی دەبەخشن پڕ لە لێکدانەوە پڕ لە نائومێدی لە لایەن وەرگر جگە لەوەی قوڵی فەزای پەیوەست نییە بە ڕوانگە، ئەوەندەی بە بەهای ڕەنگەکانەوەوە و پلەکانی گەرم و سارد و ڕوناکی و تاریکی، هەروەها لە ڕێکخستنی فیگەرەکان یەکێکیان لە بەرامبەر بینەرە ئەوی تریشتی لە بینەرە، و سروشتی فۆڕمە کێشراوەکان یارمەتیدەرە بۆ هەستکردن بە قوڵایی.

پەیوەندی نێوان دەقی بینراو وخوێنەر ئەم تایبەتمەندییە تەختییە قوڵاییە گشتییەی هەڵنەوەشاندەوە کە تایبەتمەندی سروشتی (دەقە) بینراوکەیە، چونکە هێڵەکان هەندێکجار بە باشی دیاریکراون، هەندێک جاریش تەنها سکێچێکی سادە و سروشتی بزوتنەوەکەیان و شێوازی گەیشتن بە فۆرمەکانیان گوزارشت لە سۆزێکی ناوەکی دەکات کە ژینگەیەک

دەخاتەڕو لە بارودۆخێک هەروەک فیگەرەکان لە گفتوگۆیەکی زۆر کاریگەر بێکۆتادا نوقم بن، یان لە چاوەڕوانی نادیار هەروەک وەرگر بۆی دەردەکەوێت وێنەکە ڕەنگدانەوەی دیمەن و ڕوداوی واقیع نییە دەقاو دەق بەڵکو نزیکە، چونکە ڕەنگەکان یارمەتیدەرن و ڕەنگەکان و شێوازی دانان و سەریەککەوتنیان تێیدا لە(دەقەدا)، لە خۆیدا ئەبستراکتێک ئاشکرا دەکات کە کەشێکی تایبەت و ناڕاستەقینە دروست دەکات، واتە بابەتەکە کاڵ دەبێتەوە لە نێوڕوبەری ڕەنگ تۆناتەکانی و هێڵکارییەکەدا، بەجۆرێک کە تاڕادەیەک فیگەرەکان دیاربن بۆ بینەر، هەرچەندە پاراستنی شێوەکان تا ڕادەیەک لە واقیع نزیکدەکاتەوە. شێوەکان خۆیان سەرنجی وەرگر بۆ خۆیان ڕادەکێشن بە بەدەر لە گوێدانە ئەبستراکتی ئێکسپرێشنیزمی ڕەنگ و فەزا و ڕیتمەکان بە واتایەکی تر دەرگای بوارێکی تر بۆ وەرگر دەکاتەوە، وەک بێدەنگی و تەنیا بون، لە(دەقە) بینراوەکە نمایش دەکات هەرفیگەرێک لەم دەقە بینراوە جیهانی خۆی دەژی بە بێدەنگی کاتێک بە ڕەنگی سپی دەبینین، کاتێکیش بە ڕەنگی ڕەش دەیبینین ژیانی تاریکمان بیردەهێنێتەرە، کەواتە وەرگر ناوەڕۆکی وەردەگرێت بە پێی بواری دەرونی خۆی یەکدەخات، ئەوەیە ئەو زنجیرەیەی کە وەرگر بە جیهانێکی ناوەوە دەیانبەستێتەوە، دەکەوێتە ناو ناوەڕۆکی کارە هونەرییەکە وەک ئەوەی لە بێدەنگی و چاوەڕوانیدا بێت، هەرچەندە هونەرمەند بە بۆچونی هەوڵ دەدات ئەو مرۆڤە چەوسانەوانە کە لە سەردەمی ئەودا دەژین بەرجەستە بکات، بەڵام ڕاکێشایەوە بۆ ڕابردو، بۆ دونیای کۆیلەکان کە پڕە لە نهێنی و یادەوەری دڵتەنگی.

وەرگر لەم (دەقە) بینراوە هەست بە ئازادی هونەرمەند دەکات، ئەمەش یەکێکە لە ئامانجەکانی تیۆری وەرگرتن بۆ تێگەیشتن و ئاسیمیلەکردن لە دەقەکە پێویستی بەوەیە خوێنەر ئاسۆیەکی چاوەڕوانی نەرم و پابەندی هەبێت وەرگر بە هەڵە لێی تێنەگات و لە مەبەستی دەقە بینراوەکە بە تەواوەتی تێبگات، چونکە دەقە بینراوەکە بڵاو و بەرفراوانە بەو شتەی کە خوێنەر لە ڕوی ئامانجەوە لێی دەرهێناوە، بۆیە خوێندنەوە فراوانترە لە نوسین. وەک چۆن خوێنەری وەرگر بە گوێڕایەڵی نوسەر ڕازی نییە لە پابەندبون بەو شتەی کە دەنوسرێت، بەڵکو لەوە زیاتر دەڕوات و لێکدەداتەوە، دەقەکە بە شێوازی خۆی نەک بە شێوازی نوسەر، گریمانەکانی خودی خۆی بۆ زیاد دەکات، ئەمەیە کە ئایزەر(بە تێروانینی بزاو) ڕەنگ لەم کارە دا یاریدەرێکی چاک و گونجاوە بۆ بەجێهێنانی تەکنیکی بەدیهاتو، بەگشتی تۆنەکانی ڕەنگی زەرد لە کارەکەدا هەژموندارە.

ئەو شێوازەی ئەبستراکتی ئێکسپرێشنیزمی هونەرمەند (بەهرام حاجۆ) لە پێکهاتەی فیگەرەکان و شوێنەکانیان، بەکاریانهێناوە دەخاتە سەر، جولەی فیگەرەکان وشاردنەوەی بەپێی پێویستی پێکهاتنی، کە ئەمیش دەرفەتێکە بۆ سەرنجراکێشانی خەیاڵی وەرگر و سەرنجی کۆمپۆزشنی و گەڕان بە دوایی لێکدانەوەی ئەو واتایانەی کە لەلایەن (دەقەکەوە) خراوەتەڕو، هەروەها ئەم جۆرە دەربڕینە گەورەترین جەسارەتە کە وەرگر ڕوبەڕوی دەبێتەوە ئەمیش سەختی دەرخستنی ڕاستەوخۆی مانای کارە هونەریەکە (دەقەکە)، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (دەق) بینراوەکە ڕەگەزی هونەری و بەهاکانی ڕەنگی تێدایە زیاتر لەیەک تەکنیک و شێوازێکی نمایشکردن لەخۆدەگرێت و وەرگر زیاتر لە درکپێکردنێک وەرگردەگرێت، بەردەوام هەوڵدایە بۆ دوبارە بنیاتنانەوەی ماناکەی، کە بە بڕوای ئایزەر کاریگەری دەقەکە لە یەک پێکهاتەیەکی دەقیدا نییە بەڵکو ئەزمونێکی وەرگرێکە لە بەریەککەوتنی لەگەڵ (دەق) و ئاشنابونی پێی و هەر بۆیەش مانایەکی دیاریکراونیە، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە وێنەی عەقڵی (بیرۆکە/دەق) سەرەکی ئێستای هەیە و ئەوەی کە زۆرجار دەکرێت لە داهاتودا وەک بیرۆکەیەکی نوێ دەربڕێت، و ئەمەش ئەوەیە کە لەم (دەق)ی هونەرمەند (بەهرام حاجۆ)دا ڕون بو، کاتێک ئەو ڕێکخستنەکەی جۆرێک لە پەیوەندی جەوهەری لە نێوان ڕەنگەکان وا لە بینەر

دەکات بە پێی دەرونی لە سات و کاتی وەرگرتنی دەقەکە لێکدانەوەی جیاواز دروست بکات، بەم مانایەش تێگەیشتنی (واتە) (دەق) مانایەکی خەیاڵییە کە لە ڕوی دەرونییەوە لە پەیوەندییە شـێوەکانی پێکهاتەیی (دەق)ەوە دەردەچێت، بێگومان ئەمەش ئەوەیە کە جیاوازی جێژوەرگرتن لەلایەن وەرگر دروسـت دەکات، بەبێ هەڵچونەکانیان لە سـاتی وەرگرتن هەروەها تێگەیشـتن وهەسـتێکی نائاسـایی بەڵکو هەڵچونێکی واقیعی ماددی خسـتە ناو میکانیزمی وەرگرتنەکە لەگەڵ (دەق) و بەم شێوەیە کردەی وەرگرتن بو بە کردەیەکی خودی، کە وەرگرەکە بەتەواوەتی دەکەوێتە ناو (دەقەکە) و بەپێی میکانیزمێکی وەرگرتنی ڕاسـتەوخۆ (هەسـتیە) وەک هەنگاوی یەکەم مامەڵەی لەگەڵ دەکات، و وەرگرتن (هەسـتیاری / خەیاڵی) وەک هەنگاوی دوەم، و وەرگرتنی (عەقلی / هزری) وەک دوا هەنگاو، و بەم مانایە هەروایە (دەق) وایکردوە وەرگرەکە سـنور تێگەیشـتنە هەسـتیارەکان بشـکێنێت و سروشـتی شـتە مادییەکان بدۆزێتەوە لە پشـتیەوە، واتە وەرگر توانی لێکدانەوەی بۆ دەقەکە دەبێت پشـت بەسـتن بێت بە ئەزمونی پێشـوی، بە تێکەڵکردنی واقیعی لەگەڵ دیدگای ئایدیاڵ فۆرمەکانی خەیاڵی فۆرم لە دیاردەکانەوە دەسـت پێدەکەن و بە جەوهەرەکانیان کۆتایی دێت و ڕەنگیش ئامرازێک بو بۆ گەیشـتن بەو شـتە بە کردنی بە بارسـتە یەکگرتو ڕۆڵی خۆی هەیە لە بنیاتنانی ئەو فۆرمەی کە پێکهاتەی ناوخۆیی خۆی ئاشکرا دەکات، و دەچێتە ناویەوە، ئەوە وەک بنەمایەک وەردەگرێت.

## 4- ئەنجامەکان:

1- میکانیزمی وەرگرتن لە خوێندنەوە و شـیکردنەوەی دەقی بینراودا دەگۆڕێت بەپێی پێکهاتەی هونەری شـێوەکاری کوردی لە ئاراسـتە جیاوازەکانی هونەری پۆسـتمۆدێرنیزم لە پرۆژەی هونەری پەرینەوە وەک دەقە بینراوەکان ڤیدیۆ ئارت نمونە (1)، ئەنەستەلەیشن نمونە (2)، و ئەبستراکت ئێکسپرێشنیزم نمونە (3).

2- جەسارەت بە یەکێک لە میکانیزمە گرنگەکانی دەقە بینراوەکانە کە وەرگر بە هەمو ئاستەکانی ڕۆشـنبیری و کۆمەڵایەتی جۆراوجۆردا وەریدەگرێت، لە ڕێگەی هەڵوێسـتێکی ئەنقەسـتانەی هونەرمەند بۆ (خراپی بەکارهێنانی نەوتی ڕەش)، نمونە(1)، (دروسـتکردنی کارێکی هونەری وەک قادرمەیەک بە ئیسـفەنج بە شـێوەیەکی واقعی) نمونە (2)، خێرایی لێدانی فڵچە و هەژمونی ڕەنگە کۆنتراستەکان نمونە (3). هەمو ئەمانە وا دەکات لە حاڵەتی بەریەککەوتن و سـەرنج ڕاکێشان لە سەروی ئاسۆی چاوەڕوانی وەرگرن.

3- پێدانی هۆشـیارییەکی ڕاسـتەقینە بە وەرگر بە پشـتبەسـتن بە میکانیزمی تیۆری وەرگرتنی تێکستە بینراوەکان، چونکە بەشی هونەری هەڵگری مانا وئاماژەن کە وەرگر بەپێی باری دەرونی و کات و سات پێیدەگات. لەڕوی جوانئناسییەوە بەپێی تێگەیشتن و لێکدانەوەی وەرگر لە ڕوی بینین و بەدی دەهێنرێت، وەکو نمونە(3،2،1).

4- میکانیزمی وەرگرتن لە هونەری شـێوەکاری کوردی لە (پرۆژەی هونەری پەرینەوە)، وەک ڕەنگدانەوەی واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشـنبیری و سیاسی دەردەکەوێت، و ڕەنگ توخمێکی گرنگە لەسـەر ڕوی بینراو ئامادەییەکی جیاوازی بەخشـیتە ئەزمونەکانی هونەرمەندانی ئەبسـتراکت ئێکسـپرێشـنیزم نمونە(3). لەگەڵ نامۆیی و جۆراوجۆریی مەتریالی ئامادەکراو یان ئەو نمایشـە بە میوزیکەی کە هونەرمەند لە ڕێگای جەسـتەی دەیکات وەکو بەشـێک لە ناوەڕۆکی تەکنیکی نمایشکردنی بینراودا نمونە(1).

**4-1- ڕاسپاردن:** دوای پێداچونەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەر پێشنیاری ئەمانەی خوارەوە دەکات:

1- پەرەپێدان و فێرکردنی ڕەخنەی هونەری بۆ خوێندکارانی کۆلێژی هونەرە جوانەکان لە ڕێگەی دو قۆناغەوە، خوێندن ڕەخنەی پێش مۆدێرنە و دوای مۆدێرنە، کە تیایدا گرنگترین و کاریگەرترین ڕەوتە ڕەخنەگرانەکان باس بکرێن لە

دیاردەی جوانیناسی (هونەری وێنەکێشان)، کە قوتابیان زانیاری و تێگەیشتنیان سەبارەت بەم گۆڕانکاریانەی کە لە مێژوی هونەری نیگارکێشیدا ڕویانداوە ئاشنا بن، بە تایبەت تیۆری وەرگر وەک وشەسازییەک لە ڕەخنەی هونەری.

2- تەواوکەری بابەتی ڕەخنەی هونەری، توێژەر پێشنیازی فراوانکردنی فێرکردنی جوانیناسی دەکات، هەروەها فەلسەفەی هونەر و تیۆریەکانی پۆستمۆدرنیزم بۆ قوتابیان هەمو قۆناغەکان بگرێتەوە، بەبێ ئەوەی لە قۆناغێکی دیاریکراودا بوەستێت، یان بۆچونەکان و تێزی فەیلەسوفە تایبەتەکان، ڕێگە بە خوێندکاران دەدات کە سەرنجی گرنگترین بۆچونە فەلسەفی و جوانیناسەکان بدەن

## 2-4- پێشنیاز

- کاریگەری تیۆری وەرگرتن لەسەر هونەری کوردی ئەبستراکت.
- تیۆری وەرگرتن لەسەر هونەری وێنەکێشانی مۆدێرنی کوردی.

## The Mechanism of Receptivity in Kurdish Contemporary Art

(Crossing Art Project as an Example)

**Venus Esmail Baker[1] - Hayfa Ahmad Mohammed[2] - Sanger Qader Sheikh Mohammed Haji[3]**

[1+2]Department of Arts, College of Fine Arts, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq

[3]Department of Kurdish Language, College of Language, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq

**Abstract:**

This research aims to identify the theory of the reception mechanism in contemporary Kurdish plastic art. As well as divided into two chapters. The first chapter includes the research problem, its importance, objectives, and limits. The research problem centred on how to use the concepts of reception theory in the artworks of the field of Kurdish plastic art. Contemporary, with a focus on the transit project as a model. The second chapter has been devoted to the theoretical framework that includes the concept of reception theory and its origins, in addition to an explanation of the concept of the recipient put forward by Jauss and Izer. The theory of reception in contemporary plastic arts has also been reviewed, and a brief overview of Kurdish plastic art, especially the transit project, has been presented. Artistic, by some Kurdish artists. Then the research community was identified and sampled, and three random artworks were chosen and analysed using the descriptive-analytical method. The results of the research came according to the interpretation of the reception theory in Kurdish plastic artwork, which includes several important

points. Namely, the change in the reception mechanism in analysing and reading the visual artistic text, the increase in the importance of boldness as a feature in the visual artistic text for the recipient at various artistic, intellectual, and social levels, and the presence of a state of collision and astonishment for the recipient in contemporary plastic art that deviates from the usual and expected Based on the results reached in the research, some recommendations that serve those results were proposed.

**Keywords**: Mechanism, Receptivity, contemporary, crossing

## سەرچاوەکان

أبن المنظور(1992)، جمال الدين محمد بن كرم، لسان العرب، مادة (لقي) ط1، دار صادر، بيروت، لبنان.

أسماعيل، سامي(2002)، جمالية التلقي، ط1، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة.

آيرز، فولفجانج(1994)، فعل القراءة، ت: حميد الحمداني، الجلالي الكدية، منشورات المناهل، فاس.

البعلبكي، روحي(1996)، المورد، قاموس عربي، انكليزي،ط2، دار العلم للملايين، بيروت.

بهنسي، عفيف (1979)، جمالية الفن العربي،عالم المعرفة، مطابع اليقظة، الكويت.

الجعافره، ماجد أمجد طلافحة، (2010)، المرجعيات في النقد الادبي واللغة، مؤتمر النقد الدولي الثالث عشر، مجلد1، عالم الكتب الحديث للنشر والتوزيع، أربد الاردن.

سعيد، مؤيد(1983)، التواصل والاستقبال الحضاري في التاريخ، دار الرشيد للنشر، دار الحرية للطباعة، بغداد.

الشاوي، ناصر|(2021)، موسوعة الفنون التشكيلية الرسم، النحت، الخزف، الطباعة، دار الفنون والاداب للنشر، الطبعة الاولى.

عبدالناصر حسن محمد(1999)، نظرية التوصيل وقرءاة النص الادبي، المكتب المصري لتوزيع المطبوعات، القاهرة.

عبدالواحد، محمود عباس (1996)، قرءاة النص وجماليات التلقي، دار الفكر العربي، ط1، القاهرة.

غزوان، عناد (1986)، الناقد العربي المعاصر والموروث النقدي، بحوث المؤتمر العام الخامس عشر للاتحاد والادباء والكتاب العرب، ج2، مطابع دار الثورة، بغداد.

هولب، روبرت(1994)، نظرية التلقي (مقدمة نقدية)، تر: عزالدين أسماعيل، ط1، النادي الادبي الثقافي، جدة.

ياوس، هانس روبرت(2016)، جمالية التلقي من أجل تأويل جديد للنص، ترجمة رشيد بنحدو، المشروع القومي للترجمة، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة، مصر .

شارەزوری، یادگارلەتیف(١٣٩٩) تیۆرییەکانی وەرگرتن، چاپی یەکەم، خانی، ئێران.

کەریم، ڕزگار(2005)، بەشی یەکەم لە هەمزە هەتا غەین، چاپی یەکەم، فەرهەنگی دەریا عەرەبی- کوردی، چاپەمەنی سیما، سلێمانی.

موکریانی، گیو (2005)، فەرهەنگی نۆبەرە، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

Rudolf E Kuenzli and M.Naumann (1996). Marcel Duchamp Artist of Centary. LONDON. Fourth printing, the MIT press Cambridge.

Bryman, A. (2016). Social research methods. Oxford University Press.

Al-Husseian, (2009), Education on Art, Excavations in the Mechanisms of Plastic and Aesthetic Reception, Casablanca; World of Education publications.

الانصاري، حسين(1997) اشكاليات التلقي في العرض المسرحي العراقي، جامعة بغداد، كلية الفنون الجميلة، أطروحة دكتورا.

بوسعد، بوخليفة(2019)، نظرية التلقي الأصول العلمية والاجراءات التحليلية مجلة جيل الدراسات الادبية والفكرية بجاية، عدد7.

لعزاوي، أحمد شكر محمد(2017). مفهوم فعل القراءة في ضوء نظرية التلقي بين الرؤيتين العربية والغربية، مجلة العلوم الإسلامية، جامعة ديالي، العراق، العدد السادس عشر.

محي الدين، بلال (2016)، القرءة والتلقي اتيميلوجيا المصطلح وخلفياته الفكرية والفلسفية، مجلة أبوليس، جامعة تيسة، عدد5.

وهاب، خالد(2016)، جمالية التلقي والتأثير في ثلاثية أحلام مستغانمي، كلية الاداب واللغات، جامعة محمد بوضياف، المسيلة، أطروحة دكتوراه.

يامين، بن توحي(2009)، القرأة وضوابطها المصطلحية، مجلة قراءات، جامعة سطيف، العدد الاول.

البكر، فهد، "نظرية التلقي"/الرياضhttps://www.alriyadh.com/1826039(2020/6/13)سەردانیکرا لە (6/2/2023).

المحجوبي،المحجوب،(4/11/2014)،البنيوية التكوينية وقراءة النص الأدبي - (diwanalarab.com)سەردانیکرا لە (2/2023/ 15)

Bruce ,2018, Crossing Art, info@crossingart.com. سەردانی کرا لە(2023/1/15)


## پاشکۆ

### کورتەیەک لەسەر ژیاننامەی هونەرمەندان:

**1-بەهرام حاجۆ** لە (گرێ سپی)، کوردستانی ڕۆژئاوا لە ساڵی(1952) لەدایک بوە، خوێندنی لە کۆلێژی هونەرەجوانەکان لە بەغداد تەواو کردوە، دواتر لە۱974 ڕوی کردوەتەوە ئەڵمانیا بۆ تەواوکردنی خوێندن، خولیای ۆ کاری هێڵکاری، کۆمەڵی پێشانگەی تایبەتی لە ئەڵمانیا، فەڕەنسا، سوریا، ئەمەریکا و چەند وڵاتێکی دیکە کردوەتەوە. هەروەها لە گەلەریەکی تایبەتمەندی پاریس کارەکانی پیشانداوە پاشان لە ئینگلتەرا و هەنگاریا و نیۆیۆرک، کارەکانی دیوی ناوەوەی سروشت و مرۆڤ بە ستایلێکی تایبەت بە خۆی پیشان دەدات، کە ئازادیەکی ڕەهای بە خۆی داوە. هەروەها مۆتیڤەکانی (بابەتی کارەکانی) بریتین لە چیرۆکی جوانی، خۆشەویستی، ترس، تەنیایی، نیگەرانی و نهێنییەکان، جا هی خۆی بێ یا ئەوانی دیکە، لە ئەڵمانیادا بە شێوەکارێکی ئەبستراکت ئێکسپرێشنیزم دەناسرێ. کەژاڵ حەسەن. کەلتورو هونەر 21/6/2020 [www.basnews.com](http://www.basnews.com)سەردانی کرا لە (2023/2/21)

**2-ساکار سلێمان:**

لەدایکبوی 1979 سلێمانی- کۆلیژی هونەرە جوانەکان بەشی شێوەکاری- وێنەکێشان ساڵی 2005 تەواوکردوە، وەك هونەرمەندێکی هاوچەرخ کاردەکات بەشێوەی نیگارکێشان، پەیکەری هاوچەرخ، ئینستلەیشن، پێرفۆرمانس، گرافیك، ڤیدیۆ هەروەها فۆتۆ. ئینتەرشیپی هونەری بۆ ماوەی سێ مانگ خوێندوە لە بەشی گرافیکی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی یانی ماتیکو- لە شاری (کراکۆڤ) پۆڵۆنیا ساڵی2019، چەندین نمایشی نێودەوڵەتی وەك:خولی22ی بینالی (جالا) لە ژاپۆن - 2021. وەکو هونەرمەندێکی هاوچەرخی عێڕاق نوێنەرایەتی کردوە لە خولی 57ی بینالی نێودەوڵەتی (ڤینیسیا) لە پاڤیلۆنی عێراق لە ئیتاڵیا 2017. لە پێشانگەی (گەڕان لە ئەتەلییەوە بۆ گەلەری- هونەری3) لە نەمسا -2020. بەشداری کردوە لە پێشانگەی هاوبەشی بۆچەند هونەرمەندێك لە گەلەری کلاینە لە ڤییەنا- نەمسا 2019/11/27. بەشداریکردوە لە پێشانگەی (هونەری 16)، لە ناوەندی ئۆلۆمپی بەریتانیا ساڵی 2016. بەشداری کردوە لە دوەم سیمپۆزیۆمی (ماردین) 2010. Heterotopia Art Project, Catalogue, Cihan Gallery-Erbil 15May to june 2022, curated by Ahmad Nabaz.

**3-ئەحمەد نەبەز:**

له دایکبوی ســاڵی 1986 -هەولێر–کۆلێژی هونەرە جوانەکانی هەولێرە بەشی شــێوەکاری 2012. کۆتا پرۆژەی (فۆلۆشــیپێکی هونەری بەناونیشــانی "کاریگەری هونەرمەندانی پۆلۆنی لەســەر هونەری هاوچەرخی عێراق" ئەنجامداوە له ســەنتەری کەلتوری نێودەوڵەتی شــاری کراکۆڤ- پۆلۆنیا ساڵی 2019. هونەرمەندێکی هاوچەرخە، لەهەمان کاتتدا وەکو ڕێکخەری هونەری (Curator Art) کاردەکات و کارەکانی بەشێوەی نیگارکێشان، ئینستلەیشن، پێرفۆرمانس، ڤیدیۆ، فۆتۆ، هەروەها هونەری دیجیتاڵی جێبەجێدەکات. له کارە هونەرییەکانی فۆکس دەخاتە ســەر بابەتی کەسی و ســیاسی و ئاینی و کۆمەڵایەتیی و هەروەها ناســنامەو شــوناس، زۆربەی کارە هونەرییەکانی له تراژیدیایەکی ڕاستەقینەوە هاتوە، له ساڵی 2015 زنجیرە کارێکی دیجیتاڵ ئارتی بە ناونیشانی "وێرانکارەکان" له میدیا جۆراوجۆرەکانی دونیا بڵاوکرایەوەو کاردانەوەی هەبو لەســەر ئاســتی جیهان. Heterotopia Art Project, Catalogue, Cihan Gallery-Erbil 15May to june 2022, curated by Ahmad Nabaz